MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا

میریلا گالیتی

# کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا
# لە سەدەکانی (١٣ - ١٩)

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

هەولێر - ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا**
- نووسینی: میریلا گالیتی
- نووسینی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا
- نەخشەسازی ناوەوە: طـە حسین
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٩٦٢)
- نرخ: (١٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٨
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٧١)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........ ١

کارە دەستنووسەکان ........ ٢١

کارە چاپکراوەکان ........ ٢٧

سەدەی پانزەهەم ........ ٣١

سەدەی شانزەهەم ........ ٣٣

سەدەی هەڤدەهەم ........ ٣٧

سەدەی هەژدەهەم ........ ٤٣

سەدەی نۆزدەیەم ........ ٥١

پەراوێز و سەرچاوەکان ........ ٧١

# پێشەکی

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٨دا، لە ژمارە (١١)ی ساڵی پەنجاو هەشتەمینی گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ) ـ کە ئەم گۆڤارە لە لایەن (ئامۆژگای ئیتالی ڕۆژهەڵاتی) لە شاری ڕۆما دەردەچێت ـ، لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی ژنە لێکۆڵەری ئیتالی (میریلا گالیتی) لە ژێر ناونیشانی (کورد و کوردستان لە دانراوی ئیتالییەکاندا، لە سەدەکانی (١٣ ـ ١٩) لەسەر لاپەڕەکانی (٥٦٣ ـ ٥٩٦) بڵاوکرایەوە.

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە و لەبەر کەمی خوێنەری ئیتالی زان، ئەوسا (د. یوسف حەبی) بە ناونیشانی (کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەکانی (١٣ـ ١٩)دا...) وەریدەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و تێبینی و ڕوونکردنەوەی خۆی دەخاتە سەر ئەو شوێنانەی، کە بە پێویستی دەزانێ و لە بەرگی هەشتەمی ساڵی ١٩٨١ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ـ بڵاوی دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٩٩ بەندەش دەقە عەرەبییەکە دەکاتە کوردی و لە زنجیرە (٢١)ی کتێبی برایەتی، لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە شەش ئەڵقە، لە ژمارەکانی:

ـ (٢٩٨٧)ی پێنجشەممە (١٩٩٩/١٢/٩).

ـ (٢٩٩٢)ی پێنجشەممە (١٩٩٩/١٢/١٦).

ـ (٢٩٩٧)ی پێنجشەممە (١٩٩٩/١٢/٢٣).

ـ (٣٠٠٢)ی پێنجشەممە (١٩٩٩/١٢/٣٠).

ـ (٣٠٠٥)ی پێنجشەممە (٢٠٠٠/١/٦).

ـ (٣٠٠٧)ی پێنجشەممە (٢٠٠٠/١/١٣) بڵاوی دەکاتەوە.



ئێستاکە کە ماوەیەک بەسەر ئەو بڵاوبوونەوەی یەکەمەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە، بە باشمان زانی جارێکی تر لە کتێبێکی سەربەخۆ ئامادەبکرێتەوە، چونکە وەکو کتێبیش باسەکە لەبەر دەست بێت گرنگترە، لەوەی هەر وەکو بابەتێکی ڕۆژنامە بمێنێتەوە، ئەم دوایین بیرۆکەیە، ئەم کتێبەی بەردەستتانی لێ بەرجەستەبوو، هیوادارم جێی سوود بێ و کەلێنێک لە کتێبخانەی مێژووی نەتەوایەتی کورد پڕبکاتەوە.

ئەم کتێبە لە ڕاستیدا شتی جۆرا و جۆر لەخۆ دەگرێت، بیروڕای کۆمەڵێ خەڵکی لەیەک جیا کە بۆ کاری تەبشیری، یان سیاسی، یان سیخوڕی، یان بازرگانی هاتوونەتە جیهانی ئیسلامی و لەو جیهانەدا بەشێکی ئەرکەکانیان لە کوردستان بەجێهێناوە، هیچ نەبێت پێیدا تێپەڕیون، ئەوانەش خەڵکی باش و خراپیان تیایە، بە ویژدان و بێویژدانیان تیایە، هەیانە ڕای باشە لەسەر کورد و سیفاتە جوانەکانی ئەو میللەتە زەقدەکاتەوە، هەشیانە کورد بە ڕێگر و وشك و کەللەڕەق لە قەڵەم دەدات، کە لە دووتوێی باسەکانی دواتردا هەموو ئەوانە دەخوێننەوە و لە زۆر شوێنیشدا (میریلا گالیتی)، یانیش (د. یوسف حەبی) ڕوونکردنەوەی جوان و بە ویژدانانە و زانستیانەیان لەمەڕ ڕایە هەڵەکانی ئەو گەڕیدە و کەسایەتییە ئیتالییانە نووسیوە، کە هەڵەیەکیان لە بارەی کوردەوە کردبێت.

بە هەر حاڵ ئەمە پوختەیەکی بیروڕای خەڵکانێکی جیا بە ئاین و کلتوور و داب و نەریت و جوگرافیا و مێژووی نەتەوەکەمانە، بۆیە هەموو ئەو جیاوازییەی لە تێڕوانیندا تێدەکەوێت، کە ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام شتانێکیشە چەند لاپەڕەیەکی مێژووی سەدەکانی ڕابردووی میللەتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هیوادارم سوودێکی لێ وەربگرین.

**وەرگێڕی کوردی**

**٢٠٠٦/١١/٧**

**هەولێر**

## (میریلا گالیتی) بەم شێوەیە دێتە ناو باسەکەی

لە بارەی (کورد)ەوە ئەدەبێکی ئەوروپی و تایبەتتر بڵێم، ئەدەبێکی فرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی دروستبووە، نەك هەر بەشتێکی کەم، بەڵکو ئەو ئەدبیاتەی بەو زمانانەی سەروو لە بارەی کوردەوە دەوڵەمەندیشە، ئەوەش بێجگە لەو سەرچاوە کلاسیکیانەش، کە بە یۆنانی و لاتینی و هەروەها عەرەبی و کوردیش تۆمارکراوان، بەڵام سەرچاوە ئیتالییەکان ئەوا لەگەڵ زۆر کۆنیشیاندا، تا ئێستا زانیارییان لەبارەی کەمترە و کۆ نەکراونەتەوە، ئەگەرچی سوودی زۆریشیان هەیە.

لێرەدا (میریلا) وەك لەسەروو ئاماژەمان بۆ کرد، لە پەراوێزدا دێتە سەر باسی سەرچاوە کۆنە ئیتالییەکان و دەنووسێت: گزەینەفون (٤٣٠ـ ٣٥٤پ.ز) بەشداریکرد لە کێشانەوەی دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە، کە ساڵی (٤٠١ پ.ز) بە کوردستاندا تێپەڕین، وەك لە مێژووەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات و لە ژێر ناوی (carduchi) باسی کورد دەکات [١]، بەڵام (بۆلیبیۆس) (٢١٠ یا ٢٠٠ ـ ١٢٠ پ.ز) لە مێژووەکەیدا ناوی کورد بە (cirit) دەبات.[٢]

سترابۆن (٦٤ یان ٦٣ پ. ز هەتا ٤٠ز) لە دانراوە جوگرافییەکەی خۆیدا بە (kyrtioi) کورد ناودەنێ[٣]، (تینیس لیفیۆس)یش (٩٥ پ.ز هەتا ١٧ز) لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی شاری (ڕۆما) ناوی کورد بە (cirtic) یان (Elimei) ناو دەنێت[٤]، بەڵام لە کتێبی ژمارە چل و دوویدا، کە دێتەوە سەر باسی کورد لە ژێر ناوی (cirti) باس لە کورد دەکات[٥].

(گزەینەفۆن) ناوبانگییەکی گەورەی بۆ کورد (کاردۆخییەکان) دروستکرد، چونکە کوردەکان لە ساڵی (٤٠١ پ.ز)ەوە پەلاماری سوپا دە هەزار شەڕکەرەکەی ئەویان لە نزیك شاری (زاخۆ)ی ئێستادا و هونەرەکانی شەڕکردنیان بە جوانی بەکارهێنا.

(گزەینەفۆن) لەم بارەیەوە دەڵێت: ( بەربەرییەکان تەنگیان بە سوپا هەڵچنی و لەبەر لەش سوکییان بە ئاسانی لە دەست دەردەچوون , چونکە وەك دابی هەمیشەییان، کە دوژمن لێیان نزیك دەبووەوە ڕایاندەکرد، بێجگەی (تیروکەوان)یش



چەکێکی دیکەیان هەڵنەگرتبوو، بەڵام لێزان بوون لە وەشاندنی تیرەکانیان، بە باشی ئامانجیان دەپێکا، کەوانەکانیان درێژ و هەندێکیان دووباڵ دەبوون، تیرەکانیشیان لەوەش درێژتربوون).[٦]

بۆیە (گزەینەفۆن) چی بۆ نامێنێتەوە، ئەوە نەبێ بە هەناسە بڕکێوە کوردستان جێبهێلێ، چونکە میللەتەکەی کوردستان زیانێکی گەورەیان بە لەشکرە یۆنیانییەکەی گەیاند، ئەوەتا دیسانەوە (گزەینەفون) دەڵێت: (بۆ حەوت شەو و ڕۆژی لەسەر یەك، سەربازە یۆنانییەکانی ئێمە لە شەڕ بەولاوە نەیانتوانی شتێکی تر بکەن، ئەمەش لەو کاتەدا تووشیان هات، کە پێیان نایە ئەو خاکەی کە کورد (کاردۆخییەکان)ی تیا دادەنیشێت، ئەوەبوو لە ئەنجامی فشارە جۆراوجۆرەکانیان، کە ناتوانین بیانژمێرین، یان نازانین باسی کامەیان بکەین، یۆنانییەکان بە دەست کوردەوە ئازارێکی زۆریان پێگەیشت، زیانەکانیشیان ئەوەی کورد لێیدان، زۆرتربوو لەوەی پادشا (وتسیافزن) پێگەیاندن).[٧]

(بۆلیبیۆس) و (تیتس لیفیۆس) دەڵێن: (کۆیلە کورد (کورتی) یەکان لە ماوەی نێوان (٢٢٠ ـ ١٧١پ.ز) بەشدارییان کردبوو لەو شەڕەی لە ئاسیای بچووکدا لە نێوان ڕۆما و سەلجوقییەکان و پادشای بەرغامو (ئیتالیا) دەکرا).

(بلتراخس) یان (بلتارکا)ش کاتێك لەبارەی لۆکۆلس(lucullus)ەوە دەدوێت، دەڵێت: (لە ئەنتاکییەدا لەگەڵ سەرکردەیەکی کورد پێککگەیشتوون).[٨]

وەك کۆتاییەکیش بۆ ئەم باسە، (میریلاگالیتی) خوێنەر بۆ باسی کورد دەگەڕێنێتەوە لە مەوسوعەی ئیسلامی و گەلێ سەرچاوەی دیکە.[٩]

پاش ئەمە (میریلاگالیتی) دێتە سەر سەرچاوە عەرەبییەکان و دەنووسێت: هەر لە فەتحی ئیسلامییەوە ساڵی (٦٣٧ز) و پاش فەتحی (تکریت و حەلوان)، کە عەرەب و کورد پەیوەندییان لە نێواندا دروستبوو، بە درێژییەوە لە لایەن نووسەرە ئیسلامییەکانی وەکو (مەسعودی) و (ئەستخەڕی) و (حەمدوڵلا)و بێجگەی ئەوانیشەوە بەدرێژییەوە لە بارەی کوردانەوە هەواڵمان هەیە.

(تەبەری) مردوو لە ساڵی ٩٢٣ز، کە بێگومان بەناوبانگترین نووسەرە دەڵێت: خەلیفە مەروان کوڕی ژنێکی کوردە[١٠]، بەڵام (مەسعودی)ی مردوو لە ساڵی ٩٥٦ز، ئەو یەکەم کەسێکە بە ڕێك و پێکی لەبارەی هۆزە کوردییەکانەوە نووسیبێتی.[١١]

(ئیبنو بەتوتە)ی مردوو لە ساڵی(١٣٧٧ز)یش باسی شارەکانی موسڵ و ماردین و کوردەکانی ژەنگار دەکات.[١٢]

(ئیبنوخەلدون) کە لە نێوان ساڵەکانی (١٣٣٣ـ ١٤٠٦ز) ژیاوە، لە کتێبی (العبرە)دا دەنووسێت: هێزەکانی مەغۆل کاتێك کوردە موسڵمانەکانیان تاڵانکرد و خەڵکانێکیان کوشتن، هەندێك هۆزی کورد ناچاربوون بەرەو سوریا و میسر و جەزائیر کۆچبکەن.[١٣]

لە کتێبی (الف لیلە ولیلە)ش باسی کورد کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی باش نا.[١٤]

پاش ئەمانە نووسەر دێتە سەر سەرچاوە فارسییە کۆنەکان و دەنووسێت: (شەرەفنامە) کە میر شەرەفەدینی میرە کوردی بەدلیس نووسیویەتی و ساڵی ١٥٩٦ لە نووسینەوەی تەواو بووە، پایەیەکی بەرچاو لە نێوان سەرچاوە مێژووییەکانی لە بارەی کوردەوە داگیر دەکات، تیایدا مێژووی کورد بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکرێت:

بەشی یەکەم باسی ئەو بنەماڵە کوردییانە دەکات، کە لە پێش سەردەمی دروستبوونی دەسەڵاتدارێتییەکان ژیاون.

بەشی دووەم باس لەو بنەماڵانە دەکات کە سکەیان لێداوە و خوتبەیان بۆ خوێندراوەتەوە.

بەشی سێیەم باسی ئەو فەرمانڕەوایانە دەکات، کە دەسەڵاتیان پشتاوپشت وەکو میراتێك بۆ بەجێماوە.

هەرچی بەشی چوارەمیشە بەشێوەیەکی درێژتر بۆ میرەکانی بەدلیس تەرخانکراوە، ئەمەش یەکەم کتێبە لە بارەی مێژووی کوردەوە لەلایەن کوردێکەوە نووسرابێ، ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لەگەڵ هەندێ بیروڕا لەسەری لە ساڵانی نێوان ١٨٦٠ـ١٨٧٥ز بەژێر ناونیشانی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخان) لە بوترسبۆرگ بە چاپ



گەیەنرا[١٥]. ئەوی سەیر بێ! ئەم کارە زۆر گرنگە جاری یەکەم بە فارسی چاپکراوە، بەڵام تاچەند ساڵێك بەر لە ئێستا نەبێ، بۆ کوردی وەرنەگێڕدرابوو!! هەر ئەو (شەرفنامە)یە چەند وەرگێڕدراوێکی بۆ عەربیش هەیە، لەوانە: وەرگێڕانەکەی (جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی)یە: کە ساڵی ١٩٥٣ کۆڕی زانیاری عێراق بڵاویکردەوە.

جێی ئاماژە بۆکردنە، کە بڵێین ئەم کارە توحفە و گرانبەهایە بە تەواوی وەرنەگێڕدرایە سەر زمانی کوردی، وەکو لە سەروو ئاماژەمان بۆیکرد، ئەو کاتە نەبێ، کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا لە دوای دامەزراندی کۆڕی زانیاری کورد، کە (سێ ساڵ زووتر دامەزرابوو) ئەوسا شاعیری گەورەی کورد(هەژار) لە نزیکەی هەزار لاپەڕەدا وەریگێڕایە سەر کوردی و خۆی و کەسانێکی بێجگەی خۆیشی پێشەکییەکی زانستی گرنگیان بۆ نووسی، (شایانی باسە کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٨دا بچووککرایەوە بۆ دەستەی کورد و خرایە نێو کۆڕی زانیاری عێراق).

## کەلەپووری کوردی لە سەرچاوە ئیتالییەکاندا

یەکەم سەرچاوەی ئیتالی باسی لە کورد کردبێ، بۆ ساڵی (١٢٠٠ز) دەگەڕێتەوە، ئیتر پەیوەندی بەردەوام دەبێ تا ساڵی (١٨٠٠ز) و بگرە تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان، ئەوەی هەمیشە ئەو پەیوەندییەشی لە نێوان کوردستان و ئیتالیا هێشتۆتەوە، ئەو گەشتیارو دیبلۆمات و نێردراو و بازرگانانە بوونە، کە لە کاتی گەشتەکانیاندا بۆ وڵاتی فارس و وڵاتی نێوان دوو زێیان (Parsia- Mesopotmia) بە کوردستاندا تێپەڕیون، بێگومان ئامادەیی (ئیتالی)ش لە کوردستاندا خاڵی نییە لە جێهێلانی کاری زۆر گرنگیان.

ئەوەتا بیناسازانی جەنوا (Genova) چەندین قەڵایان دروستکردووە، کە ئەمڕۆ وێرانەن و وەك گردۆڵکە لە کوردستاندا بڵاون.

بەرزاییەکانی قەڵای دیادین (Diadin) تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە شوێنی حەوانەوەی خەڵکان بوون[١٦]، هەروەها قەڵایەکی تریش هەبوو لە (جزیرە) لەسەر

کەنارەکانی دیجلە[١٧]، (جەنوا)ییەکان دروستیانکردبوو، وەك چۆن لە دۆڵی(حەسەن قەڵا)شدا بەرزاییەکانی قەڵایەك مابووەوە، دروستکردنەکەی دەدرایە پاڵ بیناسازەکانی (جەنوا).[١٨]

دەبێ ئەوەش بڵێین لەپاڵ بوونی دانراوە تایبەتییەکانی (گارتزوونی و کامبانیلی و دی بیانکی)ش، بەڵام گەشتیارە ئیتالییەکان لەچەند ئاماژەیەکی بچووك و تێبینییەکی خێرا بەو لاوە شتێکی تریان لە بارەی کورد و کوردستانەوە بۆ جێ نەهێلاوین، ئەمەش لەبەر کەم ئەزموونیان بە هۆی کورتی ماوەی پێویست بۆ تێپەربوون بە ناوچەکە، کاتێ پێیدا تێپەریوون، بەڵام نێردراوەکان بە کاری زۆر گرینگ هەڵساون بۆئەوەی کوردستان و دانیشتوانەکەیان پێبناسێنن، ئەمەش بەهۆی بوونی چەند کۆمەڵە مەسیحییەکی وەکو سریانییە ئارسۆدۆکسەکان (یەعاقیبە) و ئاشوورییە (نەستوری) یەکان و مەلەکییەکان و کلدانییەکان و ئەرمەنەکان، کە هەمیشە موبەشیرەکان دەنێردرانە موسڵ بۆ کارکردن لەسەر گەڕانەوەی مەسیحییەکانی (ئەوانەی کە باسمان کردن) بۆ باوەشی کەنیسەی کاسۆلیکی.[١٩]

لەبەر ئەوەی موسڵ ناوەندێکی بازرگانی گرنگ و ناوچەی پەڕینەوەی نێوان حەلەب و بەغدا بوو، بۆیە ئەو ناوچەیە و دەوروبەرەکەی لە یاداشتی گەڕیدەکاندا زیاتر باسیکراوە و شارەزایی زیاتری لە بارەوە بەجێماوە.

ئەوەی بەشداریشی لە ناساندنی ئەو ناوچەیە کردووە هەناردنی نێردەیەکی کاسۆلۆکییە بۆ ناوچەکە، کە لەمەولا رۆڵیان دەبینن.

هەرچی سەبارەت بە سەرچاوە ئەوروپی و یاداشتی گەڕیدەکانە ئەوا نووسەر بۆ لێکۆڵینەوەکەی (وانلی)مان دەگەڕێنێتەوە.[٢٠]

ئێمەش بەر لەوەی بێینە سەر باسی یەکەیەکەی نووسەرەکان، وای دەبینین سوود بەخش بێ، گرنگترین ئەدگارەکانی قۆناغە مێژووییەکان بخەینە روو، لەگەڵ وەستان لەسەر ئەو نووسراوانەی کە کارێکی گرنگ و بەرچاویان جێهیلاوە.



سیاسیەت و بازرگانی و ئاین وەك سێکۆچکەیەکی بە یەکداچوو، بزوێنەری سەرەکی ناوچە دوورەکانی ئاسیا بوون.

ڕاپۆرتی یەکەمین کاروانەکان بۆ سەدەی دوانزەی زایینی دەگەڕێتەوە، کە گرنگی زانستی خۆیان هەیە.[٢١]

هەردوو برا (نیکۆلۆ و ماتیۆ پۆلۆ) ساڵی ١٢٥٩ز بەرەو ئاسیا هاتن، دواتر لە گەشتەکانی تریاندا کوڕی برا بچووکەکەشیان (مارکۆ پۆلۆ) (Marko polo) شیان لەگەڵ خۆیان هێنا، ئەمەش لە ساڵەکانی نێوان (١٢٧١ـ ١٢٩٥ز)بوو و ئەمەیان لە کتێبەکەی خۆیدا (ئەلملیۆن AL Milione) شایەدییەکی کورتی لە بارەی کوردستانەوە بۆ جێهێلاوین.[٢٢]

بەڵام دومنێکی(ریکۆلدۆ دامونتیکرۆتشی ـ Ricoldo da Montecroce) دێری (مریەم ئەلعەزراء)ی لە فلۆرنسا جێهێلا (S. Maria Novell a Firenze)، کە تیایدا وەك ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورە ناوبانگی دەرکردبوو، هات وەك موبەشیرێك، (ئاینی کەنیسە) بە نێو وڵاتی (مەغۆل ـ Tartaria)دا بڵاوبکاتەوە[٢٣]، ئیدی ئەرمێنیا و وڵاتی نێوان دوو زێیان گەڕا، چەندین وتووێژی لەگەڵ زانا موسڵمانەکانی بەغدا کرد و لە موسڵ وتاری دابوو و لە بارەی کوردستانەوە هەواڵی بۆ گواستووینەتەوە.[٢٤]

لە سەدەی چواردەدا خەڵکی (بندوقیە) (Venezia) پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا دروستکرد، هەیانبوو چووە وڵاتی فارس و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بەستان.[٢٥]

ڕێگەشیان بە ئەرمێنیای بچووك و بەرامبەر کوردستان بوو، بەڵام خەڵکانی جەنوا(Genova) بە (Trebisonda)دا تێدەپەڕن.

ئەو بازرگانانەش، کە لە سەدەی چواردەدا بە وڵاتی فارسدا دەڕۆیشتن، وەنەبێ کەم بووبن ئەمەش لە کاتێکدا، کە سەفەریان بۆ هیند دەکرد، ئەوەتا (مارین سانسۆدۆ تۆرسیلۆ) (Marin Sanudo Torsello) دەڵێت: (... داوەتکراوەکان بازرگانی

مەسیحی بوون، دەیانتوانی لە ڕۆیشتنیاندا تا دەگەنە هیند بەو ناوچانەدا بڕۆن، بە شێوەیەك کە زۆربەی ئەوانەی وا ئێستا لێرەن، چوونەتە ئەوێ و گەڕاونەتەوە).[٢٦]

بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیش لەسەدەی پانزەدا لە نێوان کۆماری (بوندقیە) و وڵاتی فارس، (بوندقیە) چەند نێردراوێکی ناردە بیلاتی فارسی، لەوانە :(بەربارۆ) و کۆنتارینی) (BarBara J- Contarini) بوون، کە (بەربارۆ) لە ساڵی ١٤٧٤دا لە کاتی بە وەفدچوونێکی ڕەسمی لەچیاکانی (تۆرۆس) لە هێرشێکی کوردەکاندا بۆ سەری ڕزگاری بوو.

لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی بازرگانەکان لە سەدەی شانزەدا زیانیان هێنا، بەڵام هەواڵ و ڕاپۆرتی زیاترمان لەوسەدەوە لە بارەی کوردستاندا بەدەستدەگات، ئەمە بێجگە لەو گەشتانەش، کە هەندێ گەڕیدەی وێنەی (ڕۆنتشینۆتۆ) (Roncinotto)یان هەندێ بازرگانی وێنەی (بالبی)(Balbi) و بازرگانە نەناسراوەکەی (بوندقیە) پێی هەڵساون.

هەرچی دوو بازرگانەکانی ئاڵ (ڤیکیتی- Vechitti)یشن، ئەوا بە هۆی شارەزاییان لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات بە ئەرکی دیبلۆماسییەوە هاتوونەتە ڕۆژهەڵات.

باری پیشەسازی و بازرگانی ئیتالی لە سەدەی هەڤدەدا بەرەو خراپی هات، چونکە (بوندقیە) لە شەڕێکی خوێناوی دابوو لەگەڵ تورکیا، تا وای لێهات وردە وردە هەموو ئەو شتانەی لە دەستدا، کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیبوو، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی، کە هێشتا بە دوای بازرگانێتییەکەی خۆیاندا بۆ ئەو ناوچانە دەهاتن، کەم بووەوە، ئیدی بە پەنجەی دەست دەژمێردران، کەسیش نەمابوو بێجگە لە هەندێ فزوڵی و زاناو نێردراوەکان نەبێت.

(پیترۆدیلاڤالی Pietro della valle) کە دێتە سەر باسی کورد و کوردستان زۆر بە وردی و زانیاری پڕ بە بایەخەوە لە بارەیان دەدوێ، بە جۆرێ وامان لێدەکات گومانمان نەمێنێ لەو رایەی، کە (جیبۆن Gibbon) لە بارەی (دیلاڤالی) یەوە



دەیخاتە روو، دەڵێت: (گەشتیارێکی تری باشتر لە دیلاڤالی نەبینراوە و کەسیش لە ئەو باشتر لەسەر وڵاتی فارسی نەنووسیوە).

لە نێوان ئەو گەڕیدە ناودارانەی کە بازرگانێتییەکی فراوانیان هەبوو، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدە (جیمیلی- کاریریی کلابریا Gemelli-Cariri, Calabria) دەردەکەوێت، ئەمە نیوەی جیهان دەگەڕێ و گەشتە درێژەکەی لە کتێبێکی گەورەدا تۆماردەکات، کە بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەرگێڕدراوە.

(لیگرینزی ـ Legrenzi) پزیشکی (بوندقی)ش لەماوەی گەشتەکەیدا بۆ وڵاتی نێوان دوو زێ و کوردستان و فارس و هیند، زانیاری گرینگ و شایان بە گرنگی پێدان بە جێ دێڵێت. لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدەشدا (بە تەواوی کەمبوونەوەی ئەو بازرگانانەی، کە لەسەدەکانی پێشوودا زاڵبوون، وامان لێدەکات لە خراپی باری گواستنەوە بگەین لە ئیتالیا لەگەڵ تێکچوون و نەمانی پەیوەندییە بەردەوام و قیاسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات)[٢٧]. سەرەنجام هەروەها لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نزیکیش. کورتەی قسان ئەوەیە، کە نێردراوەکان بە ژمارە و جۆریان ئەوانن گرنگترین مادەیان پێشکەش کردبێ، لەنێو هەموو ئەوباسانەی گەڕیدە ئیتالییەکان پێشکەشیان کردووە، زانیاری زۆرگرنگیشیان کۆکردۆتەوە، ئەمەش دیسانەوە بە هۆی گەیاندنی پەیامەکەیان، کە وای دەکرد پەیوەندی ڕۆژانەیان بەخەڵکەکەوە هەبێت، ئەوەش هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندن کۆمەڵ بناسن و لەبارەیەوە بکۆڵنەوە.

هەروەها ئەو نێردراوانە یەکەمینی ئەو کەسانە بوون، کە زمانە کۆن و نوێیەکانی ئەو میللەتانە بخوێنن، کە لە لایانەوە یان لەسەریانەوە کاردەکەن.

زۆربەی ئەو کتێبە ڕێزمانی و موعجەمانەی دایانناون ناگەنە ئاستی زانستی، بەڵام گەر ڕەچاوی ئەو ماوە زەمەنییەی تیا بلاوبوونەوەیان بکەین، ناچار دەبین بڵێین ئەم سەرچاوانە تا ئەمڕۆش سوودیان هەیە، بە تایبەتیش لە بواری لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی زمان و پێشکەوتنی ئەم تێبینیانەش لە سەر کتێبی (ڕێزمان و موعجەمی زمانی کوردی)ی (گارتزۆنی) جێگیر دەبێ، چونکە ئەو نووسەرە یەکەم

کەسێکە لە ڕۆژئاوا بەرگری لە ڕەسەنی زمانی کوردی کردبێ، کە تا ئەو ڕۆژە کوردییەکە بە زارێکی فارسی دادەنرا، ئەگەرچی لە سەدەی هەڤدەدا (دیلاڤیدا)ش تێبینی ئەوەی کردبێ، بڵێ: (کورد زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیایە لە زمانانی دەوروبەری وەك: عەرەبی و تورکی و فارسی، بەڵام زمانەکەیان لە فارسی نزیك دەبێتەوە زیاتر لە نزیکبوونەوەی لەهەر زمانێکی تر).[٢٨]

ناتوانین کاری ئەو نێردراوانە بە شێوەیەکی باش هەڵسەنگێنین، بەتایبەتی لە ڕا دەربڕینیان لەسەر داب و نەریت و ئایینەکانی ناوەخۆی ناوچەکان، چونکە ئەم ڕایانەیان بە نەزعەیەکی ئەوروپی و عەقائیدی ئەوێیانەوە خراونەتەڕوو.

بۆیە ڕاپۆرتەکانیان بەری ڕووانینێکی مەیلدارینە بۆ ئەوروپا، بە شێوەیەك ئەو تێبینیانەی (میینی) خستوونەتیە ڕوو، بۆ ئێرە ڕاستن، کە دەڵێت: (بۆ زانینی گیانی هەر ئایینێك و کاریگەری لەسەر بەدڕەوشتی نابێ بوەستین وەك نێردراوەکان وایان کردووە لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارەکی شتانێکی مەحاڵ، کە هەموو گەلانی زەوی پێی هەڵدەستن، بەڵکو دەبێ بۆ ئوسولە فێرکارییە یەکەمەکە بگەڕێینەوە، کە لە کتێبە پیرۆزەکانی هەموو مەزهەبێکدا تۆمارکراون، ئینجا پایە پایە سەرکەوین، لەوەی کە لە توانای مێژوو و لاسایی کردنەوەدا هەیە بۆمانی پێشکەش بکەن، بە بێ وەستان لەسەر تیۆرانێکی خەیاڵی، بەڵکو بە وەستان لەسەر واقیعێکی چەسپاو و نەگۆڕ).[٢٩]

لە سەدەی هەژدەشدا بلاوکراوەی چەند (ڕاهیب)ێکمان بەدەستدەگات، کە بۆ کاری تەبشیری لە موسڵ کاریان کردووە.

عەلامەی کەرملی لیاندرۆ (Leandro) بۆ (قەدیسە سیسیلیا) سەردانی ئاسیای بچووك و وڵاتی فارسی کرد، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ مەسیحییەکانی (موسڵ)یش هەبوو.

هەروەها زانای بەناوبانگی سکەلێدان (ئەباتی سیستینی Abate Sestini) بە وڵاتانی تورکیا و فارس و کوردستان و سوریادا دەسوڕێتەوە کۆمەڵێ نووسراو و



مەدالیا کۆ دەکاتەوە و لەبارەی دۆزینەوەکانی زانیاری گرنگمان بۆ بەجێ دێڵێ، بەمەش خزمەتێکی گەورە بە زانستی سکەلێدان و زانستە بەراوردەکان دەکات.

نوێنەرایەتی دۆمنیکی لە موسڵ لە ساڵی ١٧٤٨ لەسەر ڕەزامەندی پاپا(بەندکتس)ی شازدەهەم دادەمەزرێت[٣٠]، دوو نێردراو بە ناوەکانی (توریانی و کودیلیۆنجینی) تیای دادەمەزرێنرێن، هەروەها بە شێوەیەکی کاتی کەرملی ناوبراویش ( لیاندرۆ) بۆ (قەدیسە سیسیلیا) لەبەر ئەوەی زمانی ناوچە عەرەبییەکان دەزانێت، دەخرێتە گەڕ دوو نێردراوەکە.

ئەم نێردراوە دامەزرێنراوانە ساڵی ١٧٥٠ گەیشتنە موسڵ[٣١]، ئەم نوێنەرایەتییە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا تا ساڵی ١٨١٥ کاری کرد، کاتێ ماوەیەك لە زەمەنی بڕی، لە ساڵی (١٨٤٠)دا گەڕێندرایەوە و لە ساڵی (١٨٥٩)ش نێردراوەکان لە ئیتالییەوە کران بە فەرەنسی.[٣٢]

ئەم نوێنەرایەتییە بەشداری زۆری کردووە لە پێناسینی کوردستان و دانیشتوانەکەی، چونکە ئەو نێردراوانەی تیایدا کاریانکردووە، دانراوی بەسوودیان داناوە.

لە نێو نێردراوەکاندا (لانزا) و (غارتزونی) و (کمپانیلی) وەك سێ نێردراوی بە پلە (أب) لەو کەنیسەیەدا بەوە جیادەکرێنەوە، کە لە نووسینەکانیان بە شێوەیەکی دوورودرێژ باسیان لە زمان و کۆمەڵی کوردی و بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کوردستان کردووە، بەڵگەنامەی بەنرخیان بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵی کوردی جێهێلاوە، لەگەڵ تێبینی گرنگیش لە بارەی داب و نەریت و ئاینی گەلانی کوردستان ئەگەر چی بە شێوەیەکی گشتیش ئەم راپۆرتانە زیاتر بەدیدێکی ئەوروپیانە نووسراون.[٣٣]

بۆیە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئەو راهیبانە هەمیشە بوارە سەیر و خراپەکانی کۆمەڵی کوردیان تۆمار دەکرد، وەك ئەوەی لە چاویاندا دیاربوو، بەڵام لە هەمان کاتدا گەڕیدە خاوەن بیرە ئازدیخوازەکانی وەك (دیلاڤالی) و (دیبیانکی)

بواره چاك و تایبەتمەندییە گرنگەکانی کۆمەڵیان بە گرنگی پێدانەوە هەڵدەسەنگاند، لەگەڵ قەبوولکردنی ئەوەی کوردی لەسەرە، بێ هەوڵدان بۆ گۆڕین، یان شێواندنی ژیانیان، یان ناشرینکردنی ئەو بنەما رەوشتی و رۆشنبیری و زانستییەی کۆمەڵەکەیان لەسەر دەوەستێ.

لەسەرمانە لە نێوان ئەو نێردراوانەی لە نوێنەرایەتی (دۆمنیکی)دا کاریانکردووە بە دوای شێخ (مەنسور)دا بگەڕێین، ئەم شێخە ئیتالییە و لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم کاریگەرییەکی زۆری دەبێ.

ئەم پیاوە کاتێ بە شێخ ناسراوە، کە بووەتە ئیسلام و پێشەوایەتی دە هەزار کوردی کردووە، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٧٨٥ بۆ ١٧٩٠ دەست بەسەر (بەدلیس و سەعەرد و ئەرزرۆم) دادەگرێ و تا (قەوقاز) دەچێت، میللەتانێکی زۆر ژێردەست دەخات، بەڵام رووس بەم سەرکەوتنانەی نارەحەتبوون، هێزەکانیان بۆ دژایەتی کردنی هێنایە پێش، سەرەتا نەیانتوانی پەك بە هێزەکانی (شێخ) بخەن، بە پێچەوانەوە شێخ هەر لە پێشڕەوی دابوو، چەندین سەرکەوتنی تری تۆمارکرد، بەڵام سەرەنجام رووسەکان شکاندیان و خستیانە بەندیخانەی (دیرلا ئار کانجیل)ەوە[٣٤]، دوای بیست ساڵ لە بەسەربردنی ژیانی بەندکراویدا، لەو بەندیخانەیەدا مرد.[٣٥]

بەڵام ئەو نێردە ئیتالیانەی تر، کە لە شارەکانی تری کوردستاندا کاریانکردووە، وەك لە (دیاربەکر) و (وان) ئەوانە هیچ بەشدارییەکی گرنگی ئەوتۆیان لەسەر ئاستی ئەدەبییەوە پێشکەش نەکردووە.[٣٦]

لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گەڕیدەکان ئەوەی لە بارەی کورددا بڵاوکرایەوە، تایبەتمەندێتی تازەیان بەخۆوە گرت، ئەوش (دۆمنیکی کامبانیلی) لە ساڵی ١٨١٨ نووسیویەتی، بەوە لە کارەکانی تر جیادەکرێتەوە، کەوا زانیاری گرنگ تۆمار دەکات، ئەگەر چیش هەمیش نەزعەی دژایەتی هەیە.



نەزعەی رۆمانتیکی و گشتگیری ئەو ماوە زەمەنییە وایکرد بە شێوەیەکی لە پێشوو زیاتر گەڕیدەکان حەز بە ناسینی گەلە نائەوروپییەکان بکەن، بە تایبەتی ئەو گەلانەی تا ئەو رۆژگارە لەلای ئەوانەوە نەناسرابوون، کە لەو رۆژگارەدا لە ئەوروپا ئەفسانەی ترسێنەرە باشەکە (المتوحش الطیب) بڵاوبوو، بۆیە کاتێك دەبینین، کە وەسفی کورد دەکەن بە گەلێکی بەربەڕی سروشت وشك، ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی بڵێین لەو لاشەوە نەزعەی شەڕانی و هەوڵیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی نییە.

هەروەها دەبینین وشەکانی (کورد) و (کوردستان) دەخرێنە نێو مەوسوعە و کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکان، ئەمەش دیارە بە پاڵنەرە سیاسی و مێژووییەکان دەبێت.

هەروەها نەخشەی کوردستان بە ڕاستییەکی گەورەتر خرایە نێو نەخشە جوگرافییەکان و یەکەم شیکردنەوەکانی زمانی کوردیش لە دیراساتە زمانەوانییەکاندا بە ئەنجامدرا.

وایلیێهات لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٨ کوردستان بووە لایەنەکی حەوانەوەی ئەو هاوڵاتییە ئیتالییانەی بەهۆی سیاسی ناچاربوون ئیتالیا بەجێبێڵن، کە زۆربەیان هی هەرێمەکانی (لۆمباردیا) و (ڤینیتۆ) بوون.[٣٧]

لە ساڵی ١٨٦٣ کتێبەکەی (دی بیانکی) بڵاوکرایەوە، کە دەکرێ بە گرنگترین سەرچاوەیەکی ئەدەبی ئیتالی لەم بابەتەوە بژمێردرێ، چونکە نووسەرەکەی، کە ئەفسەرێکی سوپا و دکتۆرای یاسا بووە، لە ماوەی خزمەتەکەی لە سوپادا بە چەند سەفەرێکی لەیەك جیا هاتۆتە کوردستان، رێزێکی زۆری بۆ گەلی کورد هەڵگرتووە و دەبینین لە دوو توێی کتێبەکەیدا هەڵدەستێ بە شیکردنەوەیەکی ورد و درێژ و لە زۆر شوێندا لە گیانی گاڵتە و قسەی خۆشدا دەربازی نابێ و بەم شێوەیە هەندێ رووی کۆمەڵی کوردی بە دیاردەخات.

(دی فیکی) و (ئۆسکۆلاتی) ئیتالیش بە وڵاتی فارسدا تێدەپەڕن و چەند ئاماژەیەکی خێرا لەسەر کورد جێ دێڵن.

دوای دەیان ساڵ پاش ئەمانە نێردەیەکی ڕەسمی پاشایی ئیتالی دێتە ناوچەکە، کە بە داخەوە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیمان بۆ بەجێ ناهێڵن، بەڵام لە لایەن (دیفلیپی) زانای سروشتییەوە وەسفێکی دوور و درێژمان بۆ بەجێ دەمێنێ.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش کتێبەکەی (گارۆڤالیۆ) بڵاودەکرێتەوە، کە ئەم نووسەرەش لە ماوەی نیشتەجێبوونی لە ڕۆژهەڵاتدا پەیوەندی لەگەڵ کورددا هەبووە.

دەتوانین بڵێین دوای کتێبەکەی (دی بیانکی) هیچ شیکردنەوە و ڕاپۆرتێکی گرنگ لە بارەی (کورد) و (کوردستان)ەوە نەکەوتۆتە بەرچاو، تەنانەت دەتوانین بڵێین: پەتی ئەدەبی ئیتالی لە بارەی (کوردستان)ەوە ماوەی سەدە و نیوێك دەپچرێت و ئەوەی دەردەچێت چەند بڵاوکراوەیەکی لاوەکی دوور لە نرخی زانستی دەبێ و هیچی تر.[٣٨]

ئەوەی یارمەتی ئەو دوورکەوتنەوە ئیتالییەی دا لە بواری لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا ئەو لاوازییە واقیعیەی نێردراوە کاسولیکییەکان بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئیتر نێردراوە ئیتالییەکان بە فرەنسی گۆڕان، ئەمەش بە هۆی ئەو یارمەتییەی فرەنسا پێشکەشی کارمەندانی خۆی دەکرد لە چوارچێوەی سیاسەتە فراوانخوازییەکەی خۆیدا.[٣٩]

هەروەها لەو ماوەیەدا دەبینین نێردە پرۆتستانتییە بەریتانی و ئەمریکییەکانیش لێرە و لەوێدا بڵاوبوونەتەوە.[٤٠]

لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی ئیتالی پەیوەندی و گرنگیدانەکانیان بە کوردستان و بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی دەپچرێت، ئیتر گەشتە گەورەکان نامێنن، مەگەر نامە و یاداشتی ڕۆژانەی ئەوکەسانەمان دەستکەوێت، کە هەر بۆ خۆیان سروشتێکی حەز بە موغامەرە و گەڕان بە دوای شتانیان هەبووبێت، یان لەوانەوە شتێکمان پێ بگات، کە لە چیاکانی کوردستاندا ڕێی هات و نەهات دەگرنە بەر و بە دوای نەناسراودا دەگەڕێن.



دوای ئەمە ئیتالیا وای لێدێ گرنگیدانەکانی بەسەر خۆیدا کورت دەبێتەوە، هەژاری و خراپی باری ئابووری وڵاتە تازە یەکبووەکەیان ماوەی نادات وەك جاران بە گەشتە گەورەکانی هەڵسێت، کە ئەوسا خەرجییەکانی ئیتالیا لە لایەن وڵاتە ئەوروپییەکانی تر دەدرا، چونکە وای لێهاتبوو لە ئیتالیا هەوڵەکان بە پلەیەك بۆ چاکردنی کێشە ناوخۆکان بێت. پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین، کە ئەدەبی ئیتالی بۆ ماوەی حەوت سەدە میللەتی کوردی بە چەند ئەدگارێك پەسن داوە، لەوانە: زەق کردنەوەی کاری ڕێگری لای کورد، کە ئەمە دیماگۆجی کۆمەڵی کورد و بەرەوپێشنەچوونی دەردەخات بەشێوەییێك، کە لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی لە ڕەگەوەی بەسەر نەهاتبێ لە هەموو ئەو ماوە درێژە تا سەدەی دوایی کاتی دیاردەی نیشتەجێبوون لە شارەکاندا بە بایەخەوە وەرگیرا و هۆزەکان لەلایەن خەڵکەکانیانەوە هەڵوەشێنرانەوە، ئیتر وەك ئەوەی ئامادەکارییەکی پێشووی بۆ کرابێ، بیری یەکێتی نیشتمان و خەباتی نەتەوەیی دەرکەوت.[٤١]

لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی ئاماژە بەو سەرچاوە بیانیانە بکەین، کە لە سەدەی نۆزدەدا بە زمانی ئیتالی بلاوکرانەوە، چونکە ئەمە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان گیانی ڕینیسانسی ئیتالی ئاسوودەبوون بە خەباتی هەموو کەمینە ستەم لێکراوەکان دروستدەکات، لە کاتێکدا لە ڕابردوودا چەند دانراوێکی زۆر کەم نەبێ وەرنەدەگێڕدران.[٤٢]

زۆرجاریش دانراوە وەرگێڕدراوەکان کورتەیەکی لە گەشتەکان دەبوون[٤٣]، بەڵام مەرج نەبوو گەشتەکە یەکێ لە گرنگترینی گەشتە نووسراوەکانی ئەدەبی ئەورووپی بێ لە بابەتەکە و لە ماوە دەستنیشانکراوەکەی سەروو.

هەر لێرەدا ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆ کردنیش بێ کتێبەکەی (شفایکەر- لیرسنفێڵد)ە، کە چەند لاپەڕەیەکی تەواوی تایبەت کردووە، بە داب و نەریتەکانی ئافرەتی کورد.[٤٤]

پێش ئەوەش لە گرینگیدا کتێبەکەی (ڤۆن مـۆڵتکی ـ Von Moltke)دێـت، چونکە ئەو جەنەراڵە بڕۆسییە، کە بەشداری ڕێکخستنی سوپای عوسمانی کردووە و بە چەندین هێرش بۆ سەر کوردان بەشداری کردووە، لە لێکۆڵینەوەکیدا بۆ کێشەی کورد، ئاماژە بۆ زۆرزانـی و ڕۆشـنبیری و هـێمنی کـورد دەکـات، تێبینییەکانیـشی ورد و شیاوی گرنگی پێدانن.[٤٥]

(ئەنبا شەمۆئیل جەمیل)یش ساڵی ١٩٠٠ کتێبێکـی لـە سریانییەوە وەرگێـڕا، بابەتی کتێبەکە یەزیدییەکانە و تیایدا نووسەر باس لە چیای شەنگار دەکات.[٤٦]

دەتوانین سەرچاوە ئیتالییەکانی لە بارەی (کورد) و (کوردستان) بۆ سەر ئەمانـەی خوارەوە دابەش بکەین:

١ـ کارە دەستنووسەکان.

٢ـ کارە چاپکراوەکان لە سەدەی سێنزەمەوە تا سەدەی نۆزدەم.

٣ـ کارە چاپکراوەکانی سەدەی بیستەم.

دەتوانین دوا کۆمەڵە کاریش بۆ سەر دوو بەش دابەش بکـەین: بەشـی یەکـەمیان بریتی بێ لە کاری ڕۆژنامەنووسان، کە ئەم کارانە زانیاری سادە و تێبینی فۆلکلـۆری بەخۆوە دەگرن.

لەگەڵ بەشی دووەمیش، کـە بـریتی بـێ لـە کـاری ئـەو کۆمەڵـە لێکۆڵەرانـەی هەڵدەستن بە شیکردنەوەی گەلی کورد لە گۆشەنیگای عەرەب، یان تورك، یان ئێران، بـەبێ ئـەوەی بگەنـە (تایبەتمەندێتییـە کوردییەکـە)، ئەمـەش بـەو هۆیـەوەی، کـە کوردەکـان لـە نێـو نیـشتمانی عـەرەبی یـان جیهـانی تـورکی و فارسـییەوە بـاڵ بەسەرداکێشراون.

بێگومان باری سیاسی  لە کۆندا و لە ئێستاش کار دەکاتە سەر تێڕوانینـەکانمان بـۆ کورد، کەچی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش لە بارەیان قوڕەکە خەستتر دەکـات و زۆرجـار بێدەنگی خۆی دەسەپێنێت لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە، یان ئەوەی تر، یان بە پێی بـارە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێن، لەوانەشـە ئـەوەی لـە سـەدەی رابـردوو (لـەم بارەیـەوە)



بڵاوکرابێتەوە، زیاتر لە واقیع نزیك بێ لەوانەی لەو سەدەیە بڵاوکراونەتەوە[٤٧]، ئێمـەش لەو لێکۆڵینەوەیەماندا لە کۆتایی سەدەی رابردوو دەوەستین.[٤٨]

ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە شەش ساڵی نێوان **١٩٧٣ ـ ١٩٧٨** نووسیوە و لە پێناویـدا سەردانی ئەم کۆگا و کتێبخانانەم کردووە:

(کتێبخانەی زانکۆی بەغدا ـ کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی لـە بەغـدا، کـۆڕی زانیـاری عێـراق  ـ کـۆڕی زانیـاری کـورد "کـە ئێـستا لـە کـاتی نووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیەمدا دەستەیەکە لە کۆڕی زانیاری عێراق "ـ دەزگای کتێب لە قـاهیرە ـ کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە ـ کتێبخانـەی زانکـۆی قـەدیس یوسـف لـە بەیروت ـ کتێبخانـەی زانکـۆی ئـەمریکی لـە بـەیروت ـ بـەناوبانگترین کتێبخانـە ئیتالییـەکانیش، کە بۆ ئـەو لێکۆڵینەوەیـەم گـرنگ و سـەرەکین وەك کتێبخانـەکانی (ئەب)ە دۆمنیکییەکان لە موسڵ و قاهیرە و پۆلۆنیا و ڕۆما.

هـەروەها پەیوەنـدی کـردنم بـەو کەسـایەتیانەی گرنگـی دەدەن بـە لێکۆڵینـەوە کوردییەکان و لە پێشەوەی هەموویان (تۆمـا بـوا) و (شـەریف وانلـی) و پرۆفیـسۆر (مارف خەزنەدار) "کە ئێستا لە کاتی نووسینەوەی ئەم لێکۆلینەوەیەمدا" سـەرۆکی بەشـی کـوردی کۆلێـژی ئـادابی زانکـۆی بەغدایـە ـ هـەروەها پرۆفیـسۆران (بـاولۆ مینیـاتنی) و (فـابریتزیۆ بیناکـسۆتی) و (ئـەنجیلۆ بیمبـۆنتیزی) و (بیانکـا ماریـا سکارتشیا ئەموریتی) سوودی زۆریان پێگەیاندووم.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو دانراوە ئیتالییانە خراونەتە ڕوو، کـە تایبـەت بـە کـورد و کوردستانن، لەگەڵ ڕوونکردنەوە لە بارەی نـاوەڕۆکی هەریەکـە لـە دانراوەکـان و نرخـی زانـستییان لـە دابەشـکردن و ڕیزکردنیانـدا، هـەروەها سـەردەمەکانی نوسـینمان بەرچاوگرتووە، ئەمەش بۆ دەرخستنی ئەو پێشکەوتنەی لە کاری گەڕیدە ئیتالییەکانـدا کراوە، لەگەڵ ڕوونکرنەوەی چەندێتی گرنگییان، یان کارەکانیان لە کوردستان.

ئێمە لە خوێندنەوەیەکی ئاوادا بە ڕاپۆرتەکانی دوو گەڕیدە لە سەدەی سێنزەهەم دەستپێدەکەین، کە ئەوانیش (مارکۆ پۆلۆ) و (ریکۆلدۆ دامونتیکرۆتـشی)ن، ئەمانـە

شتێکی وایان لە بارەی کوردەوە نەنووسیوە، هێندە نەبێ، گوتویانە: کوردیش یەکێکە لە گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکان.

ئەوەندەش هەیە، کە لە روانگەیەکی فۆلکلۆرییەوە بەیەکگەیشتنێکیان لەگەڵ کورد هەبووە، بۆیە تا پاش بڕینی قۆناغێکی زۆر، ئینجا دەگەینە ئەدەبێکی تەواو و دروست لە بارەی کوردان، کە گرنگیدانی رۆشنبیری و زانستی سیمای دیاری کراوی دەبێ، ئەوەش لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم.

## کاره دەستنووسەکان

### ١ـ دومینیکۆ لانزا (١٧١٨ ـ ١٧٨٢)

Domekico lanzo

ـ راپۆرتێکی مێژوویی درێژی سەفەرەکانی ئەب دومنیکی لانزا ـ رۆما.[٤٩]

چیرۆکێکی سەیرە، کە ئەم کارە تا ئێستا بە ئیتالی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەشێکی کەمی بۆ عەرەبی وەرگێردراوە و لە (عێراق) دا چاپکراوە.[٥٠]

دەستنووسە ئەسڵییەکەی ئەم کارە ون دەبێ و هیچ ئومێدێکی دۆزینەوەی نامینێ، تا (ئەب گۆگلیمۆتی) لە ساڵی ١٨٤٨دا دەیدۆزنەوە، ئەمەش چیرۆکێکی سەیری هەیە.

(گۆگلیلمۆتی) جارێکیان کە لای دوکاندارێك دەبێت، بۆ ئەوەی هەندێ شتی خواردن بۆ راهیبەکانی هاورێی بکرێت، دەبینێ دوکاندارە هەژارەکە لە نێو ئەو کۆمەڵە کاغەزانەی، کە بۆ تێگرتنی شتەکانی بەکاری دێنێ دەستنووسێکی تیایە، لەبەر کۆنییان پەڕەکانی زەرد هەڵگەڕاون، (گۆگلیلمۆتی) تەماشای دەکات، دەیناسێتەوە، دەزانێ، ئەوە ئەو دەستنووسەیە، کە لە مێژەوەیە لێکۆڵەران ئاواتەخوازبوونە بیدۆزنەوە.[٥١]

ئەم دەستنووسە بۆ ئەو لێکۆڵەرەی بیەوێت مێژووی موسڵ وناوچەکانی دەوروبەری لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم بنووسێ، پێویستە، چونکە (لانزای)ی کاهین و دکتۆر پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی کەسایەتییە پایە بەرزەکان



هەبووە و تەنانەت (فەتاح پاشا)ی والی موسڵ لە ساڵی ١٧٧٠ داوای لێکردووە خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەش بکات.

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەیدا (لانزا) توانی بە وردی هۆیەکانی ئەو رووداوە سیاسی و ئایینی و ئابوورییانە پەسن بدات، کە لەو ماوەیەدا روویاندا، هەروەها هەڵساوە بە پەسندانی ئەو شوێن و ناوچە مێژوویی و شوێنەوارە گرنگانەی سەردانی کردوون، هەر لە کتێبەکەیدا شتێکیش لە بارەی کورد دەنووسێت، بەڵام بە شێوەیەکی پەراوێزی و بۆچوونەکانیشی لە بیری باوی ئەوێن رۆژگاردا تێناپەڕێت.

گرنگی ئەو کارە لەوەدایە وەسفی کۆمەڵگای موسڵ و ژیانی خەڵکەکەی لە ناوەوە دەکات، لەگەڵ خستنە رووی هەندێ زانیاری، کە پێشە خۆی کەسێك ئاماژەی پێنەداون، ئەگەرچیش لە بنجدا کارەکەی ئەو لەوەدا کورتکرابووەوە، کە خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی و نەستورییەکان تەرخان بکات، کە لەو رۆژگارەدا ناکۆکی نێوان ئەمانە زۆر بوو، بۆیە (لانزا) بە یەکەمین یەکخەرەکانی (نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی و نەستورییەکان)ی موسڵ دادەنرێت.

بەڵام (لانزا) گرنگیدانەکانی وەك نێردراوێك هەر لەسەر موسڵدا کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو بۆ شار و گوندەکانی دەوروبەریشی درێژ کردۆتەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: چونکە زۆر حەزی بە بینینی شوێنەوارەکان دەکرد. دووەمیش: چونکە دەیویست پەیوەندی لەگەڵ مەسیحییەکانی ئەو ناوچانە تۆکمەتر بکات.

بۆیە دەبینین بە گرنگی پێدانێکی زۆرەوە باسی ئامێدی و[٥٣] ئورفە[٥٤] دەکات و دەڵێت: (شاری نەینەوا لە شوێنی باسکراو نییە، وەك رۆژهەڵاتییەکان هەمیشە وای بۆ دەچن، بەڵکو لە بەرامبەر شاری موسڵی ئێستایە، بە ئاراستەی رۆژهەڵاتی کەنارەکانی دیجلە.[٥٥]

(لانزا) هەروەها باسی ئەوە دەکات کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان عوسمانییەکان و فارسەکان لە (موسڵ)دا هەبوو، بۆیە

خەڵکەکەی تێکڕا عەرەب و کورد و تورك و مەسیحییەکانیش بۆ بەرگری لە شارەکەیان رابوون و لە دژی فارسەکاندا کەوتنە شەڕکردن. (لا: ۲۳۱ ـ ۲۳۳)

جگە لەمە، (لانزا) دانیشتووانی ئەو کاتەی موسڵ بە سێ سەد هەزار کەس دەخەملێنێ و (لا:۲٤۲) باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و تایەفە ئاینییەکان دەکات و دەڵێت: (بەشی گەورەی ئەو شارە لە عەرەب و تورکەکان پێکدێن، هەروەها لە کوردانیش کە وردە وردە بەرەو ئەو شارە دێن وهەندێکیان بوونەتە بازرگان و ئاغا، هەندێکی تریشیان بە کشتوکاڵییەوە خەریکن، کە خۆیان زەوییەکان دەچێنن، هەندێکی تریان سیخوڕی بۆ دزانی دەشت و دەر و ئەوانەی تریشیان هەر یەکەو بە پیشەیەکی لەیەك جیا بژێوییان دەستدەخەن، بەڵام هەر هەموویان لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانیان سەر بە یەك سەربازگە دەبن، بۆ زامنکردنی ئەوەی یارمەتییان دەدات و بەرگرییان لێدەکات.

هەرچی جوولەکەکانی شاریشن هەژارن و ژمارەیان لە چوارسەد کەس تێپەڕ ناکات، مەسیحییەکانیش ئەگەرچی خۆیان دەڵێن: شەش هەزار کەسین، بەڵام من وا گومان دەبەم لەو ژمارەیە زیاتر بن، کە زۆربەیان بازرگان و وەستاو مامۆستا و خاوەن پیشە و سامانی زۆرن، دابەشی سەر دوو مەزهەبی لەیەك جیا دەبن:

هەندێکیان(یەعاقیبە)ن کە ئەمانە (سریانە ئارسۆدۆکس)ەکانن، ئەوانەی تریشیان(نەستور)ین، کە ئەوانەش (شوێن کەوتووانی کەنیسەی ئاشوورین).

لەگەڵ ئەوەشدا کە مەسیحییەکانی ئەو ناوچەیە کەمتر تەنگیان پێ هەڵدەچنری، بە بەراورد لەگەڵ مەسیحییانی تری شوێنانی دی ئیمپراتۆریەتەکە، بەڵام دیسانەوە هەر بێ بەڵاش نین، بە تایبەتیش کاسۆلیکەکانیان، کە لە کاتی سەفەرەکەی من بۆ لایان، لە نێو موسڵدا ژمارەیان هەزار کەس و لە دەوروبەریشدا کەمێ لەوە زیاتر بوون. (لا:۲٤۳).

(لانزا) کاتێ دێتە سەر باری ئابووری شارەکە، ئاماژە بە چنراوە لۆکەییەکان دەکات و پشتگیری لە هەمان تێبینییەکەی (مارکۆپۆلۆ) دەکات، کە دەڵێت:



(هەرچەندە زۆربەی کەلوپەلەکانی موسڵ لە وڵاتی فارس و هیند و ئەوروپا و شوێنانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆی دێن، بەڵام بازاڕی شاریش بێجگە لە گەنم، پڕیەتی لە لۆکە، کە ساڵانە بە بڕی گەورە بۆ هەموو ناوچەکانی تر دەگوازرێتەوە، دەتوانین بشلێین: شار بە تەواوەتی بە شێوەیەك لە شێوەکان سوود لەو بازرگانێتییە وەردەگرێت، بۆ نموونە (لۆکە) لەو گوندانە دەچێنرێت، کە ئاوێکی زۆری هەیە، جا لەبەر ئەوەی پێویستییەکانی ناوخۆ پڕ ناکاتەوە، خەڵکێکی زۆر دەچن لە کوردستان دەیکرن و بۆ موسڵ و گوندانی دەوروبەری دێنن، ئافرەتان دەیڕێسن، پیاوان جۆرەها قۆماشی لێ دەچێنن، هەندێکی تریان بە بڕینی هەڵدەستن بۆ جلوبەرگ، هەندێکی تریشیان بەڕەنگی جوان دەیڕەنگێنن، کەسانی تریان دەیگوازنەوە شوێنانی تر و دەیفرۆشن، بەم شێوەیە ئەوە دەبێتە کاری هەمووان.. ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەو قوماشە چ جوولەیەکی بازرگانی گەورەی هەیە و چۆن سوودەکانی بەسەر هەموو خەڵکی شاردا دەشکێتەوە..). (لا:۲۳۷).

دەشێ (لانزا) یەکەم ئەورووپی بێ ئاماژەی بە بوونی نەوت دابێ لە ناوچەی موسڵ، ئەوەتا دەڵێت: (ئەم قیرە بە بڕی زۆر گەورە لە (حمام علیل)دا هەیە، کە شوێنێکە زۆر لە موسڵ دوور نییە و کانیاوی ئاوێکی گەرمە).(٥٧) ئەم قیرەش لەسەر شێوازێکی پیادەکراوی خەڵکی شارەکە بۆ پاراستنی گەنم بەکاردەهێنرێت، وەك دەڵێت: (جۆرێکی تر لەو کۆگایانەی لە ژێر زەوین، بۆ پاراستنی گەنم و جۆ بەکاردێن، ئەم کۆگایانەش گەورەنە، بە شێوەیەك بچووکەکەیان شوێنی ۱۰۰ تا ۲۰۰ گونیە گەنمی تیا دەبێتەوە، هەرچی گەورەکانیشیانن دەتوانن (٤٥٠٠) گونیە بەخۆوە بگرن، ئەم کۆگایانە، کە دەکەونە شاری موسڵ، قووڵن و لە شێوەی کوخ دروستکراون، کە دیواری باشیان هەیە و زۆر بە چاکی بە (جەفت) و بە قیرێکی باشتر لە (قەتران) رووکەش کراون، سەرەتا قیرەکە دەتاوێننەوە، ئینجا دیوارەکانی پێ سواغ دەدەن، ئیتر باش پێوەی دەلکێت و لێی نابێتەوە، لەم ژێر زەمینانەدا هەموو ئەو دانەوێڵانە عەمبار دەکەن، کە دەیانەوێت بیانپارێزن، بەڵکو هەندێ جار لوولە گەورەکەی ئەو

عەمبارانە بە نزیکی باڵێك لە ژێر زەوی دەخەن و بە باشی دایدەخەن، وای لێدێ زۆر بە زەحمەت هەست بە بوونی شتێك دەکرێ لە ناوچەکە، بەم شێوەیە بۆ ماوەی بیست ساڵ، یان زیاتر گەنم دەپارێزن، بێ ئەوەی تێك بچێت، ئەگەر زیانێك بە ژێر زەمینەکە نەکەوێت، بۆیە لە موسڵ بەردەوام بە بڕی زۆر دانەوێڵە دەستدەکەوێ، موسڵاوییەکان بە ئارەزووی خۆیان بە کوردانی چیا، یان عەرەبی دەشتەکانی دەفرۆشن، ئەوە جگە لەو بڕەش، کە بە ڕێگەی دەریاوە بۆ بازارەکانی بەغدادی بەڕێدەخەن). (لا: ٢٣٤ ـــ ٢٣٥).

نووسەر بە درێژی باسی ئەوبرسییەتییە ترسناکە دەکات، کە بە هۆی سەرمایەکی تووشەوە لە ساڵەکانی ١٧٥٦ـ ١٧٥٧ دووچاری دانیشتوانی موسڵ هات، ئەوەش بە هۆی ئەو بەستنەی، کە بۆ بیست ڕۆژ ڕووباری دیجلەی یەکپارچە کردە سەهۆڵ و بە هۆی هێرشی کلۆ و بڵاوبۆنەوەی پەتای کولێرای پیسیش، کە بارەکەیان خراپتر کرد.

هەروەها باس لەو ململانێیانەش دەکات، کە لە نێوان تاکەکانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان رووی دەدا.

بۆیە ئەگەرچیش ئەم کارە شیکارێکی درێژ و ڕەسەنی بە خۆوە نەگرتبێ، بەڵام هەر گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی موسڵ دەکات و نووسەرەکەی ئاگاداری دانشتوانی بنجی شارەکەیە و لە نزیکەوە بە بارەکانی ژیانیان دەزانێت.

## ٢ـ فینشنتسو سابیلانی (١٧٣٤ـ ١٨٠٩)
## (VINCENZO SAPELLAN)

ـ ڕاپۆرتێکی مێژوویی لە بارەی نامەی (ئەب)ە دۆمنیکییەکان لە وڵاتی نێوان دوو زێ و کوردستان لە ساڵی ١٧٥٠ بۆ ساڵی ١٨٠٣.[٥٩]

کارێکی نارێکخراوە و خوێنەر بە هەڵە دەبات، نووسەر تیایدا دیدێکی شیکاری زیاتر لە دیدی مێژوویی بۆ ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە دەخاتە ڕوو، دێت بە شێوەیەکی



تایبەت باس لە چالاکی نێردراوەکانی پێشە خۆی دەکات، لە نێو هەمووشیاندا کارەکانی (گارتزونی)[٦٠] بە شێوەیەکی جیا زەق دەکاتەوە، هەروەها ئەو کارە کاغەزێك بەخۆوە دەگرێت، قسەکانی بە دەوری دێری (قەدیسە سابینا)ی تازە کراوەدا دەخولێتەوە.[٦١]

کورتەیەکی مێژوویی گرنگیش لە بارەی (موسڵ)ەوە بەخۆوە دەگرێت، لەوەی تیای هاتووە: (ئەم شارە گەورەیە و دانیشتوانی لە نێوان (٨٥) بۆ (٩٠) هەزار کەس دەبن). (لا:٧).

بەڵام دەشڵێت ئەو برسییەتییەی ساڵەکانی (١٧٥٦ و ١٧٥٧) کە (لانزا) باسی لێوە دەکات، ئەو ژمارەیە بۆ (سێ / یەك) کەم دەکاتەوە.

## ٣ـ ئۆگستینۆ مارکی (١٨٠٥ ـ ١٨٧٥)
## (AGOSTINO MARCHI)

ـ پەیامێك بۆ وەکیلی ڕەهبانیەتی گشتی، کە لە (ماریاقۆ) لە دهۆکەوە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٨٥٢دا، نووسراوە.[٦٢]

ئەم پەیامە چەند ئاماژەیەکی کەم و بێنرخی لە بارەی کورد و کوردستانەوە بەخۆوە گرتووە، تیادا وا باسی کوردان دەکات، کەوا : (سەربەخۆن، جڵەوی کاریان بە دەست کەسەوە نییە و لەسەر چەوسانەوە ڕاهاتوون). (لا:١٥)

ئەم تیبینییەشی چاکە کە دەڵێت: هەروەها مەسیحییەکانیش بەکاری چەتەیی هەڵدەستن، وەك هۆزی تیاری، کە لە ڕووی ژمارەوە گەورەترین هۆزە و لە هەمووانیش زیاتر شەڕ دەکات. (لا:١٥) هۆی ئەمەشیان دەداتە پاڵ عەرەب و کورد و یەزیدییەکان.[٦٣]

# كاره چاپكراوەكان

## سەدەی سێنزەهەم

## ١ـ ماركۆ پۆلۆ (١٢٥٤ ـ ١٣٢٤)

MARCO POLO

ـ كتێبی (ئەلمليۆن) دانەر: ماركۆ پۆلۆ، چاپی فلۆرنسا، ساڵی ١٩٢٨ و چاپی میلانۆـ رۆما ساڵی ١٩٣٢.[٦٤]

(ماركۆ پۆلۆ) لەم كتێبەیدا زانیاری كورت، بەڵام ورد و تەواو لە بارەی شاری (موسڵ) و پێكهاتەی نەتەوەیی و ئایینی ئەو شارە تۆمار دەكات.[٦٥]

هەروەها ئاماژە بۆ گرنگترین زانیاری لە بارەی ئابووری ئەو شارە دەكات و دەنووسێت: (هەموو جۆرە قوماشێكی ئاوریشم و زێڕینی ناسراو بە (مۆزلین- MUSSOLINI) دروستدەكات، بازرگانێتی گەورەی مۆزلین لەم وڵاتەوە دێت، كە بڕی گەورە و گرانبەهامان لە هەموو جۆرە كەلوپەلێك بۆ دێنێ، چ لە دوڕ و گەوهەری گرانبەهاوە، چ لە قوماشە زێڕی و ئاوریشمییەكان). (لا ٢٤)

ناوی قوماشەكەشیان (مۆزلین) لە ناوی شارەكەیانەوە وەرگیراوە، كە بۆ چەندین نەوە ئەم (مۆزلین)ە بڕبڕەی پشتی بازرگانێتیان بووە لە ئەوروپا، ئەمەش بەو پێودانگەی، كە پیشەسازییە ناوخۆیەكان و هێنان (استیراد)ی هیند لە بنجدا لە قورغ كردنی ئەو جۆرە قوماشەوە بووە، كەوا گومان براوە هی ئەو ناوچەیەیە.[٦٦]



(ماركۆ پۆلۆ) بە دەستەواژەی وا لە بارەی كوردستانەوە دەدوێ، وای دەردەخات شارەزایی باشی لە بارەی ئەو وڵاتە شاخاوییەوە بووبێ، كە لەگەڵ كوردەكاندا مەسیحیشی تیا دەژی[٦٧]، ئەم مەسیحییانە لەسەر مەزهەبەكانی (نەستووری) و (یەعقوبی)ن (شوێنكەوتوانی هەردوو كەنیسەكانی ئاشووری و سریانی ئارسۆدۆكسی)ن، لەگەڵ موسڵمانانی شوێنكەوتووانی(محەمەد) (دروود و سڵاوی خوای لەسەر).[٦٨] كە دیارە لەمەش هەڵە كراوە، ئەگینا نەدەبوو كورد بە جیا و موسڵمانان بە جیا باسبكات، چونكە كورد هەر خۆیان زۆرینە موسڵمانن ـ وەرگێڕ ـ ).

(ماركۆپۆلۆ) پەسنی كورد بەوە دەدات، كە میللەتێكی شەڕكەر و دڵڕەقن (لا:٢٤)،

دەشێ لەم وەسفەیدا مەبەستی مەسیحییەكان و بێجگەی ئەوانیش بێت[٦٩]، لەم بارەیەوەش (فرانكی) وا گومان دەبات، كە پەسندانی (ماركۆپۆلۆ) بۆ كورد بەم شێوەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە كاتی تێپەڕینیدا بە ناوچەكە دووچاری ئەزموونێكی تاڵ بووە.[٧٠]

كاتێكیش (ماركۆپۆلۆ) هەشت مەمالیكەكانی وڵاتی فارس دەژمێرێ، داكۆكی لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە شانشینی دووەم ناوی (كوردستان)ە. (لا: ٣٢٦ ـ ٣٢٧).

## ٢ـ ریكۆڵدۆ دا مۆنتیكرۆتشی(١٢٤٢ ـ ١٣٢٠)

(RICOLDO DA MONTECROCE)

ـ كتێبی (گەشتێك بۆ ڕۆژهەڵات)، رۆما (١٩٤٨).[٧١]

لەم كتێبەیدا (ریكۆڵدۆ) ڕووداوەكان بە شێوەیەكی گشتی و تەواو روون دەكاتەوە، هەر ئەوەشە وامان لێدەكات گومانمان لەوەدا نەمێنێ، كە نووسەر شارەزا بووە لە داب و نەریتی خەڵكەكە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، كە لە نێوانیاندا ژیاوە، بە

تایبەتیش لە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی، کە لە ئەوروپادا پێی هەڵساوە، زمانەکەی پەخشانێکی خۆشی سادە و ڕەوانە.[٧٢]

(ریکۆڵدۆ) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە کورد حەزیان لەشەڕە و دەنوسێت: (..هاتینە لای گەلی کوردی ترسناك، خۆ ئەمانە دڕندایەتییان لە سەرووی دڕاندەیەتیی هەموو ئەو گەلانەوەیە، کە بینیومانن.. ناویان (کورد)ە، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی بێ لە باڵادا کورت بن، چونکە ئەوان لەش و باڵا گەورەن، بەڵام لەبەرئەوەی (کورتی CURTI) لە فارسیدا بە واتای گورگ دێت...)، کەچی وەك دەزانین ئەم بۆچوونانەی (ریکۆڵدۆ) ڕێك ناکەون، لەگەڵ واتای وشەی (کورد).[٧٣]

بەڵام بێجگە لەمە، (ریکۆڵدۆ) تێبینی گرنگ لە بارەی ئاینی کورد تۆماردەکات و دەڵێت: (ئەم گەلە موسڵمانن، کار بە قورئانی (پیرۆز) دەکەن، لەگەڵ بێجگەی موسڵمانانیش بە تایبەتی فەرەنجییەکان دژایەتی دەکەن).[٧٤]

(ریکۆڵدۆ) لە بارەی شاری (موسڵ)یشەوە زانیاری تر تۆمار دەکات و دەڵێت: (جوولەکەشی تیایە و لە نێوانیاندا بەشداری مشتومڕێکم کردووە). (لا:٧٠).[٧٥]

هەروەها لە بارەی (موسل)ەوە دەنووسێت: (هاتینە ـ نەینەوا ـ شارە گەورەکە، کە شارێکی درێژ بوو، نەك پان، چونکە دەکەوێتە سەر کەنارەکانی ڕووباری دیجلە ـ ڕووباری فیردەوس ـ لەگەڵ ئەو کەنارانە درێژ دەبێتەوە، ئێستاکە ڕەخەکەی تری شار لە نوێ بیناکراوە و پێی دەڵێن ـ موسڵ ـ) ((لا: ٦٩ ـ ٧٠)

دیارە (لانزا)ش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە گردۆلکەکانی ـ نەینەوا دەکەونە ڕەخی دووەمی دیجلە، لە بەرانبەر موسڵ، لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسانی سەدەی نۆزدەش ئەمە بەرجەستەبوو.[٧٦]

پاش تەواوبوونی ماوەی کارەکەی لە موسڵ، (ڕیکۆڵدۆ) بەرەو بەغدا دەچێت، با گوێی بۆ بگرین، کە ئەوەتا بەم شێوەیە بۆمان دەدوێت: (لە شارە گەورەکەوە ـ نەینەوا ـ بە درێژایی ڕووباری فیردەوس ـ مەبەستی دیجلەیە ـ بە ڕێکەوتین و زیاتر لە (٢٠٠) میلمان بڕی، ئینجا گەیشتینە بەغدا) (لا: ٧٢)



لەم گەشتەشیدا وەك هەمیشە ڕێگە ئاساییەکەی خۆی گرتۆتەبەر، کە لە گەشتە دەریاییەکانیدا پەنای بۆ دەبرد، بە واتا گەشتەکەی بەمجۆرە بەلەمە ئەنجامداوە، کە بریتییە لە چەند پارچە دارێك لەسەر چوپێکی پڕ هەواوە.[٧٧]

## سەدەی پانزەهەم

## ١ـ جوزافات بەڕبارۆ (١٤١٣ ـ ١٤٩٤)

GIOSAPHAT BABBARO

ـ گەشتی جوزافات بەڕبارۆ بۆ (تانا) و بۆ (فارس)
لە بارەی دەریا و سەفەرەکانیدا [٧٨]

(جوزافات بەڕبارۆ) سەفیری کۆماری بوندقیە بووە لە وڵاتی فارس، لە ڕۆژانی ئەرکەکەی لە وڵاتی فارسدا لە ٤ی نیسانی ١٤٧٤دا لەگەڵ گەیشتنیان بە چیاکانی تۆرۆس لە لایەن چەند ڕێگرێکی کوردەوە هێرشی دەکرێتە سەر، خۆی تاڵان دەکرێ و دوو هاوڕێکانیشی لەگەڵ سەفیرێکی فارسیش دەکوژرێن.

(جوزافات بەڕبارۆ) دەنووسێت: (دیارە ئەم چیایانە زۆر بەرز و ترسناکن، نەتەوەیەکیان تیا دەژیت پێیان دەڵێن (کورد)، زمانێکی جیا لە زمانی دەوروبەرەکەیان هەیە و زۆر دڵڕەقن..). [٧٩]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (جوزافات بەڕبارۆ) یەکەم کەسە جیاوازی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دەوروبەری کورد کردبێت، ئاماژە بە کردە ڕێگرییەکانیان دەکات، کە خۆی یەکێك بووە لە قوربانییەکانیان و دەڵێت: (قەڵای زۆریان هەیە، لە کاریتە و قوڕ دروستکراون، زۆرجار ڕێگرییان لەو کاروانانە دەکرد، کە بە ناوچەکەیاندا تێدەپەڕین). (لا: ١١٧)



لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لە ئەو ڕۆژگارەدا بۆ هەندێ کەسی ئەو ناوچانە چەتەیی و ڕێگری بەشێك بووە لە ژیانیان . ئەوەش تاکە لۆژیك بووە، کە لە توانای دابێ، گوزارشت لە سەختی هەل و مەرجەکە بکات، بە هۆی کەمی بەرووبووم لەو ماوەیەدا و بە هۆی دابەشینە سیاسییەکان و کەم دەسەڵاتی حکومەت لە هەڵسان بە کۆنترۆڵکردنی وڵات و چەسپاندنی ئاشتی، هەروەها بە هۆی شوێنکەوتەیی تاکەکانی تیرە و هۆزەکان بۆ سەرۆکەکەیان، هەموو ئەوەش لە زەوییەك، کە بە ڕێژەیەکی گەورە، گژوگیای تیایە، بەڵام دیارە بێ چاکسازی و دابینکردنی هۆکاری گەورە و بایەخ پێدانی باش، وەبەرهێنان مەحاڵە.

تێبینی: لە ڕاستیدا ـ جوزافات بەڕبارۆ ـ ئەم بیروڕایانەی لە بارەی کوردەوە، لەسەر ئەو دەستدرێژییە دامەزراندووە، کە چەند کوڕە کوردێك بە هەر هۆیەك لە هۆیەکان بووبێت، لەگەڵ داخڵبوونیان بە ناوچە شاخاوییەکانی تۆرۆس پەلاماریان داوە و ڕووتیان کردووە و هاوڕێکانیان کوشتووە، ئەویش ئەوەی بۆ بووەتە هۆکارێك بۆ بە خراپ تێگەیشتن لە کورد، هەر بۆیە وەسفی زۆربەیان دەکات بە چەتەیی و بە خەڵکی دڵڕەقیان دەداتە قەڵەم، کە تەواوی سەرچاوەکانی تر، بۆ ئەو ڕۆژگارە بە پێچەوانەوە، کورد لەو سیفەتە خراپانە بە دوور دەگرن ـ (وەرگێڕی کوردی).

## سەدەی شانزەهەم

### ١ـ نەناسراوێك لە بوندقییە

ONONIMO VENEZIANO

ـ گەشتی بازرگانێك لە بوندقییە بۆ وڵاتی فارس.[٨٠]

ئەم ڕاپۆرتە گرنگ بەهایە بازرگانێکی شاری بوندقییە لە ساڵانی نێوان ١٥١٧ بۆ ١٥٢٠ نووسیویەتی، لەوکاتەدا کە لەگەڵ سوپای شا ئیسماعیلی سەفەوی بووە، ئەو شا ئیسماعیلەی هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر میری کاراماینا Caramania دەبرد.

نووسەر سەردانی شارەکانی (وان و ماردین و بەتلیس)ی کردووە، هەروەها پەسنی گەلێ قەڵاو شاری کوردی دیکەش دەدات، زانیاری گرنگیشی لە بارەی بازرگانیەتی ئەو ناوچانە بۆ تۆمار کردووین.

پەسنی کوردان بەوە دەدات، کە دڵڕەقن و بە چەفیەی سوور سەریان دادەپۆشن، موسڵمانن (موحەمەد)ینە و لە فارسان موسڵمانترن، چونکە فارسەکان سەفەوینە (لا: ٨٠ ـ ٨١)، زۆربەی کوردەکان سوننی مەزهەبن، تەنیا کەمێکیان نەبێ، ئەگەر شیعە بن و لەسەر دینی دەسەڵاتدارەکانی فارس بن.

ئەم تێبینییەش شایانی ئاماژە بۆ کردنە، کە ئەم نەناسراوە تۆماری دەکات و دەڵێت: (ئەو وڵاتە لە ڕووی دزییەوە ئەمینە، بە جۆرێك من بە درێژی ئەو ماوەیەی، کە لە خان مامەوە، هیچ ئازارێکم لەمڕووەوە پێ نەگەیشت).[٨١]

نووسەر هەروەها دەنووسێت: (شا ئیسماعیل شەش هەزار کەسی لە دژی شاری بەدلیسدا هەنارد، بەڵام دواتر ناچاربوو بانگیان بکاتەوە، تاوەکو بۆ لایەکی تریان بنێرێت). (لا: ٨١)



بە گشتی دەتوانین بڵێین: ئەم ڕاپۆرتە شایانی بڕواپێکردنە و زانیاری بەسوودی تیایە.

### ٢ـ مارینۆ سانۆتۆ بچوك (١٤٦٦ ـ ١٥٣٦)

MARINO SANUDO GIVANE

ـ ڕۆژانەی مارینۆ سانۆتۆ ـ بوندقییە ـ.[٨٢]

(مارینۆ سانۆتۆ) لە درێژەی ئاماژەدانەکانی بە ڕووداوەکانی بوندقییە، بە چەند ناوێك باس لە (کوردستان)یش دەکات، لەوانە گرنگترینیان:

ـ CHIXAN لە بەرگی (١٩، لا ١١٩)
ـ GURGISTAN لە بەرگی (٢٥، لا ٤٧٣)
ـ GUIRDUSTAN لە بەرگی (٤٩، لا ٢٤٦)

هەروەها دەڵێت: کورد ئەم شارانەیان هەیە: ئارزانجێف (ئەرزنجان)، بەدلیس، کیسام، موکس.. شوێنی کوردانیش دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵاتە بەرێزەکانی سەفەوی و تورکی، ئێوەش ئەگەر پرسیارتان کرد، چۆن هەڵسوکەوت لە بەرانبەر پاشاکانی ئەم دوو دەسەڵاتە دەکەن؟ ئەوان خۆیان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: لەگەڵ هەردووکیاندا بەڕێوەدەچین. (بەرگی ٤٠، لا ٢٠٠).[٨٣]

هەروەها کوردەکان قورسایی خۆیان هەبووە لە هەموو ئەو شەڕانەی لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ڕوویداوە، بەڵام دواتر بە سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە شەڕی (چاڵدێران)دا، لە ساڵی ١٥١٤ بەسەر فارسەکان، باری سیاسی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هات و سنوورەکەی قەراری گرت.

(مارینۆ سانۆتۆ) هەروەها دەنووسێت لە دیاربەکر کوردی Zena هەن و ژمارەیان چواردە هەزار سوارە. (بەرگی ٥٤، لا ١٢٧).

## ٣ـ لویجرِ رِۆنتشینۆتۆ
## LUIGI RONCINOTTO

ـ گەشتی لۆجی ئال جوفانی بۆ هیند.[٨٤]

ئەم گەشتە ئاماژەی بچووك لە بارەی کوردەوە لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە دەنووسێت: (... لە سەرووی چیاکانی تۆرۆس نەتەوەیەك هەن ناویان کوردە).(لا: ١١١).

ئەو تێبینییەش تۆمار دەکات، کە کورد دەر لە دەسەلات و کۆنترۆڵی هەر حکوومەتێکن، دەنووسێت: (هەندێ کورد لە ئەرمێنیای گەورە و بچووکدا هەن، گەلێکی چیایی شەڕکەرن، زۆربەیان گوێڕایەڵی پاشای تورك و بەشێکیان گوێڕایەڵی پاشای فارس دەکەن، بەلاّم کەمینەیەکی بچووکیشیان هەیە، گوێڕایەڵی کەس ناکات). (لا: ١٤٤)

## ٤ـ غاسبارۆ بالبی
## GASPARO BALBI

ـ گەشتێك بۆ هیندی رِۆژهەلات، (غاسبارۆ بالبی)، بوندقییە.[٨٥]

(غاسبارۆ بالبی) لەم کتێبەیدا، لە (لا: ٢١)دا، ئەوەی نووسیوە: (ئاینی کوردەکان ئیسلامە)، لە (لا: ٩)شدا لە بارەی کوردەکانی ماردینی نووسیوە.

## ٥ـ جۆفان باتیستا و جیرۆلامۆ فیکیترِ
## GIOVAN BATTISTA e GEROLAMO VECCHIETTI

(جۆفان باتیستا و جیرۆلامۆ فیکیتی) دوو گەڕیدەی بەرەو رِۆژهەلات، (١٥٥٢ ـ ١٦١٩)[٨٦]



لەم راپۆرتەی سەروودا هاوشێوەی راپۆرتەکەی سەفیری بوندقییە (بەربارۆ)، وەکو لەوە و پێش ئاماژەمان بۆیکرد، شت هەیە، ئەوەش لەبەر کورتی و جۆری ئەو زانیارییانەی لە بارەی کوردەوە تۆماری دەکات، وەك باسی شوێنی کورد و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی و سروشتی میللەتەکە، هەروەها هەمان هەڵەی (رِیکالدۆ مۆنتیکرۆ)ش دووبارە دەکاتەوە، بەوەی کەوا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەمانە لە پێشوودا مەسیحی بوونە. (لا: ٣٢٩)

باسی سەرکردەیەکی کوردیش دەکات، ناوی دەنێت (خوبات) (لەوە دەچێ قوباد بێت)، کە دەڵێ: سەرکردایەتی ژمارەیەك کوردی دەکرد و یەکێ لە قەلاّکانی بۆخۆی بە بارەگا گرتبوو.

## سەدەی هەڤدەهەم

### ١ـ سەفیرەکانی بوندقییە لە سەدەی هەڤدەهەم (نیکۆلۆ مارتۆزی و گۆلیلمۆ بێرشییە)

ـ کۆمەڵە ڕاپۆرتی وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ ئەنجوومەنی میللەت، کە لە لایەن سەفیرەکانی بوندقییە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە بەرزکراوەتەوە.[٨٧]

باسی کورد لەم ڕاپۆرتانەدا زۆر بە کورتی هاتووە، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەڤدەهەم، ئەگینا لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەوە هیچێك لە بارەی کورد لە خۆ ناگرێت.

ئۆگستین نانی دەڵێت: (هەندێ نەتەوە یارمەتی تورکیان داوە لەو شەڕانەی لە ئاسیادا کردوویانە، ئەوانیش جورجانییەکان و کوردەکانن، کورد فەرسییە کۆنەکانن[٨٨]، ئەو تورکانە ئەرمەنییەکانیان بۆ کاولکاری و هەندێ لە کوردەکانیشیان وەکو سەرباز بەکارهێناوە، بەڵام ئەمانە بۆ شەڕی دەریایی ناشێن). (بەرگی یەکەم، لا: ٣٣)

(ئۆتافیا بۆن)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کورد بە ئاین موسڵمانن، بەڵام لەوەدا بە هەڵەدا دەچێت، کە دەڵێت: بە مەزهەب شیعەن، چونکە ئاشکرایە زۆربەی کورد سوننی مەزهەبن. (بەرگی یەکەم، لا: ١٤٥)

هەروەها باس لە هەندێ قەڵاش دەکات، کە سەرکردە کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. (بەرگی یەکەم، لا: ١٩٨)



(کریستۆرۆ ڤالیێ) ساڵی ١٦١٦ باس لەوە دەکات، کە هۆزە کوردییەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانین. (بەرگی پێنجەم، لا: ٢٦٤)، هەمان ئەو تێبینییە لە ساڵی ١٦٣٤ لە لایەن (جۆڤانی کابیلۆ) لە بارەی کوردەوە دووپات دەکرێتەوە. (بەرگی دووەم، لا: ١٣)

### ٢ـ پیترۆ دیلاڤالی (١٥٨٦ ـ ١٦٥٢)
PIETRO DELLE VALLE

ـ سەفەرەکانی گەڕیدە پیترۆ دیلاڤالی، پەسندانی خۆی لە چەند نامەیەکی خێزانی، بوندقییە.[٨٩]

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە لە بارەی کوردەوە، چونکە (پیترۆ دیلاڤالی) گوزارشت لە هەستێکی مرۆیی گشتگیر دەکات، وەك (دی غۆبرتاتس) لە بارەیەوە دەڵێت: (...پیترۆ دیلاڤالی لە تۆمارکردنی زانیارییەکانی مرۆیانە و باش و ڕەوشتبەرز دەردەکەوێت، شوێنی هەر شتێکی دەیبینێ، بە سەیری نازانێ، بۆ نێو هەر میللەتێکیش بچێت بە بێگانەیان نازانێت، ئەمەش بە هۆی پشوودرێژییەکەی و سەخاوەتەکەی و گیانە وشیارەکەی، بە گشتی پیاوێکی ڕەوشت بەرزە و دەیەوێت تەنانەت لە وڵاتە دوورەکانیش و لای ئەو نەتەوانەی بە تووش و دڕندەش وەسفکراون، هەر بەڵگە لەسەر ڕەوشت بەرزییەکەی خۆی تۆمار بکات..).[٩٠]

ئەم بە یەك تێکەڵییەی هەردوو لایەنی مرۆیی و ڕۆشنبیریشی، ڕێگەی بۆ خۆشکردووە، تێبینی هەموو ئەو گەلانە بکات، کە پەیوەندییەکی لەگەڵیاندا بۆ دروستدەبێت، بێ ئەوەی گومانێکی پێشوەختەی خراپیان لەسەر بسەپێنێت، بەم شێوەیە یەکەم ڕاپۆرتی خۆی لە بارەی کورد و کوردستانەوە، لە بارەی زمان و ئاین و داب و نەریت و ڕۆڵی ئافرەتەوە بە کەمترین هەڵەوە دەنووسێت، هەروەها دیارە تەواویش تێگەیشتووە لەو بارە سەختەی، کە بە هۆی باری سیاسی و جوگرافی

وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی میرنشینە کوردی و میرە کوردەکان دەبێتەوە، بەو هۆیەی کە ئەوان دەکەونە نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی دژ بە یەك.[٩١]

(دیلاڤالی) ساڵی ١٦١٧ بەغدا بەجێدێڵێت و بەرەو وڵاتی فارس دەچێت، لە کاتی تێپەڕینی بە کوردستاندا ڕاپۆرتەکەی بە شێوەیەکی درێژ دەنووسێت، ئەمەش یەکەم گەڕیدەی ئیتاڵی و تەنانەت ئەوروپیشە، کە لە بارەی فراوانی زەوییە کوردییەکان تێبینی خۆی تۆمارکردبێت، وەکو دەڵێت: (وڵاتی کوردان لە بابل و بەغدادەوە تا پشت نەینەوا (موسڵ) و لە کەنداوی عەرەبیشەوە تا ئەرمێنیا درێژدەبێتەوە، سنوورەکانی لە دەریای ڕەش دوور نییە[٩٢]، واش پێدەچێت سروشتەکەی وای لێکردبێت، ببێتە سنوورێکی سروشتی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی تورکی و فارسی). (بەرگی دووەم، لا: ٨٠)

(پیترۆ)ش پێ لەسەر تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دادەگرێت، (بەرگی دووەم، لا: ٩)، لەگەڵ ئەو پەرستش و کارە ئاینیانەی کورد دەستی پێوەدەگرن و دەڵێت: (لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا ئاینی کوردان ئیسلامە، لەمەشدا پەیڕەوی لە هەردوو مەزهەبەکانی وڵاتانی تورك و فارس دەکەن، بە هۆی جیاوازی میرەکانیان، کە هەریەکەیان سەر بە کامە میرە، ڕاستیشە موسڵمانانی تر وا دەزانن لە ڕووی ئیمانەوە ناتەواون، جگە لە بیروباوەڕی ئیسلام هەندێ پڕوپوچیشیان هەیە، کە ڕەگەکانیان بۆ ڕۆژانی بەر لە هاتنی ئیسلام و وەسەنیەت دەگەڕێتەوە. (بەرگی دووەم، لا: ٩).

لە ئایندەشدا ئەو گەڕیدانەی دێن، ئیش بەو زانیاریانە دەکەن و فراوانتریان دەکەن[٩٣]، هەروەها ڕاستی و ناڕاستی ئەم قسانەیشی، ئەو لێکۆڵینەوانە بە دیاری دەخەن، کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامدەدرێن.[٩٤]

لە ڕاستیدا (پیترۆ) شتەکانی لێ تێکەڵبووە، چونکە هاتووە کەمینەیەکی لە ئیسلام دەرچوو، یان خاوەن بیروڕای خوڕافی پڕوپوچی گەر دیبێت، هێناویەتی و بەبەرچاوگرتنی ئەم کەمینەوە، قسەی لەسەر ئاین و بیروڕای سەرجەم کورد کردووە، هەر بۆیەش لە هەڵە کەوتووە، چونکە گەلێ لە قسەکانی نە بۆ ئەوساو نە بۆ ئێستاش



ڕاست نین و کەس گلەیی لە بیروباوەڕ و عەقیدەی کوردە موسڵمانەکان نەبووە، ئەی چۆن ئەو دەڵێت: خەڵکی تر لە ڕووی بیروباوەڕەوە بە ناتەواویان دادەنێن؟!! (وەرگێڕ)

ئەو تێبینیانەی (دیلاڤالی) لە بارەی سیاسییەوە شایانی لەبەرچاو گرتنن، ئەو نووسیویەتی: (ئەم کوردانە ژێر دەستی دەسەڵاتدارانێکی زۆر دەکەون، کە زۆربەیان بە میرات دەسەڵاتەکەیان بۆ ماوەتەوە و وەك ئاغاو دەرەبەگ دانیان پێدا دەنێن، هەندێکیان تورکن و هەندێکیان فارس، ئەمەش بە پێی لێنزیکبوونیان، بەڵام پیاوە گەورەکانی کورد ئازادن، هەندێکیان ئاغاو دەسەڵاتداری وەها گەورەن، دەتوانن دە یان دوانزە هەزار سوارچاکی کورد بێننە مەیدانی شەڕەکان، وەك ئەوەی لە قوستەنتینییە (ئەستەنبۆڵ)م بینی، کە ئاغای بەدلیس هێزێکی وای پێبوو.[٩٥]

ئەو پیاوە گەورانەی کورد کە دەسەڵاتی زیاتریشیان هەیە دەرەبەگ و ئاغا نین، بەڵکو لەژێر ئاڵای پاشایەك، یان دوو پاشا دەژین، هەندێ جاریش، کە بزانن بە سوود بەسەریاندا دەشکێتەوە، ئاڵاکەیان بە ئاڵای یەکێکی تر دەگۆڕن، وەك چۆن لای خۆشمان لە ئیتاڵیا هەندێ بەرژەوەندچی کاری وەها دەکەن. (بەرگی دووەم، لا: ٩)

(دیلاڤالی) دێتە سەر باسی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردی و دەڵێت: بە پێچەوانەی ژنە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژنانی کورد بە ئازادی و بە ڕووکراوەیی بەڕێگادا دەڕۆن، لەگەڵ پیاواندا قسە دەکەن، وەك چۆن لە ماڵی خۆیاندا قسە دەکەن، جا ئەو پیاوانە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بن، یان بێگانە بن.

(پیترۆ) لەم بابەتەوە ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی هەیە، کە یەکێکە لەو میوانداریيانەی بۆی کراوە و دەنووسێت: ژنێك هەبوو ناوی شانون سوڵتان بوو (لەوانەیە خاتون سوڵتان بێت)، گەورەی شوێنەکە و دەوروبەری بوو، ناتوانین وەسفی ئەو ڕێزەی بکەین، کە لە پێشوازیکرنیدا بۆمان لێینانین، ئەوە ئەگەرچی مێردەکەشی لە ماڵ نەبوو و بۆ خزمەتێکی پاشا دەرچووبوو.[٩٦] ، بۆیە زۆر ئاسوودە بووین، بەو ڕێز و چاکەیەی لەگەڵی کردین. (بەرگی دووەم، لا: ١٦).(٩٧)

له دواییشدا ئەو گەڕیدانەی لە پاشتر دێن، وردی ڕاپۆڕتەکەی دیلاڤالی و گرنگیدانەکانی دووباره دەخەنەوه ڕوو، ئەو لێکۆڵینەوانەش که له سەدەکانی نۆزده و بیستدا بڵاودەکرێنەوه فراوانتری دەکەن و بەرەو پێشتری دەبەن.

## ٣ـ ئەنجیلۆ لیغرینتزی
## ANGELO LEGRENZI

ـ سەفەر بۆ ئاسیا، یان گەشتەکانی دکتۆر ئەنجیلۆ لیغرینتزی ـ بندقییە، ١٧٠٥.[٩٨]

کورتەی ئەم گەشتە بریتییە لە گومان و هەڵەی نابەجێ، لەوانەیە تاکە زانیارییەکی که شایانی گێڕانەوه بێت، ئەو ناونیشانه بێت، که بۆ یەکێ له بەشەکانی گەشتەکەی نووسیویەتی و ناوی ناوه (Della Natione Curdi) (بەرگی دووەم، لا: ٥٨)، تیایدا ئەوه دەردەخات، که چۆن کورد ئەوساکه وەك نەتەوە، یان گەلێکی حسێب بۆکراو بووه، نەك وەکو هۆزێکی به تەنیا، بەڵام ئەگەر بەشەکە بە تەواوەتی بخوێنینەوه، دەبینین زۆر به خراپ باسی کورد دەکات، تەنانەت شتی وامان بۆ دەنووسێت، ڕاستبوونیان دەگاتە ڕادەی مەحاڵی، ئەوەتا بۆ نموونە دەنووسێت: (کورد بێ هیچ گەوره و سەرۆکێکی ئاینی، یان دنیایی دەژین، لەبەر ئەوەیە بە دوای هەموو شەڕێك دەکەون. (بەرگی دووەم، لا: ٥٩)

هەروەها دەنووسێت: (کورد دابەشبوونەتە سەر حەوت فرقەی ئاینی، لە نێویشیاندا به جیا باس له یەزیدییەکان دەکات، کە ئەو ناویان دەنێت Nesidi . (بەرگی دووەم: لا ٥٩و٦٠)

چەند بەشێکیش بۆ شاره کوردییەکان، یان ئەو شارانەی کە کوردیان تیایە تەرخاندەکات، وەك (بەدلیس) له (بەرگی دووەم، لا: ٦١و ٦٢).. (وان) لە (بەرگی دووەم، لا: ٦٣ ـ ٦٦).. (موسڵ و هەولێر) لە (بەرگی دووەم، لا: ٦٧ ـ ٧٠)..



دیسانەوه لێرەش دەکەوێتە هەڵەو (کەرکوك) و (تکریت)ی لێ تێکەڵ دەبێت، لە (بەرگی دووەم، لا: ٧٠)

لەو بەشانەیدا زانیاری کۆن له بارەی ئەو شارانەوه کۆ دەکاتەوه، بەڵام هەرچی ئەو زانیاریانەیەتی، که تایبەتن بەو ڕۆژگارەی خۆی تیای دەژی، کەمن و هەڵەی زۆریان تێدەکەوێت.

## ٤ـ فرانسیسکۆ جیمیلی کاریری (١٦٥١ ـ ١٧٢٥)
## FRANCESCO GEMELLI CARERI

ـ گەشتێك بە دەوری جیهان، دکتۆر فرانسیسکۆ جیمیلی کاریری، بوندقییە، ١٧١٩.[٩٩]

ئەم گەشته هەندێ ئاماژەی کەم له بارەی کورده کۆچەرییەکانەوه لەخۆ دەگرێت، نووسەرەکەی نووسیویەتی: (...لەو دەشته دڵگیرانەدا چاومان بە چەند تیپێکی بە ژمارە زۆری ژن و پیاوی کورد کەوت، کە لەگەڵ ماڵەکانیان کە بەسەر پشتی هێسترانەوه بوون، خەریکی گوێزانەوه بوون، ئەو ئاژەڵانەشیان کە بە درێژایی ساڵ بەڕەڵڵایان دەکەن، لە باشترین لەوەڕگا بلەوەڕێن، زۆرن و لە کاتی شەڕەکانیان سوودیان لێ وەردەگرن). (بەرگی یەکەم، لا: ٣١٣)

هەروەها نووسەر باس لەوه دەکات، که له کاتی تێپەڕبوونیدا بە کوردستان، کورد باجی تێپەڕین بە ناوچەکەیان لێ سەندووه. (بەرگی دووەم، لا: ٥).[١٠٠]

## سەدەی هەژدەهەم

### ١ـ جان فرانسیسکۆ پیڤاتی
### G. FRANCESCO PIVATI

ـ کورد لە موعجەمی زانستی نویٚ و سەیر، دینی و دونیەوی، بوندقیە، ١٧٤٦ ـ ١٧٥١.[١٠١]

لەژێر ناوی (کورد)دا کۆمەڵێ بیروڕا ڕیز دەکرێن، کە لە ڕووی زانستییەوە ناتەواون، (بەرگی دووەم، لا: ٧٦٤). بەڵام جێی سوودن، بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی بیانەوێت لە بیری ئەو سەدەی (بیستەم)ە بگەن.

لەم کتێبەدا هاتووە: (کورد یەکێکە لە گەلانی ئاسیا، بەشێکیان لە تورکیای ئاسیایی، بەشەکەی تریان لە فارس و تا پشت ڕووباری دیجلە دەژین، کە پایتەختەکەیان شاری بەدلیسە. ئەم شارە هەروەها پایتەختی میرنشینێکی نەناسراو بووە، لە سەدەکانی پێشوو بە پایتەختی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردستان ژمێردراوە).

نووسەر یەزیدیەکان بە بەشێك لە کورد دەزانێ و دەڵێت: (هیچ ئاینێکیان نییە...)[١٠٢]، لەوەش بە هەڵەدا دەچێت، کە دەڵێت: هەموو کوردەکان کۆچەرن و پیشەیان ڕێگرییە لە کاروان و کەسانێکی مێوان.

لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە ناکات، کە کورد خەڵکی نیشتەجێبووشیان هەیە، تەنانەت بە لای میرنشینەکانیشان داناچێت و لەبارەیانەوە هیچێك نانووسێت.



هەر لەو کتێبەدا لەسەر شارەکانی (دیاربەکر) و (موسڵ)یش شت دەخوێنیتەوە.

لەوانەیە ئاستی ئەو کتێبە لەوەدا دەربکەوێت، کە دێتە سەر وەسفی ژنانی کورد و دەنووسێت: (ژنی کورد بە سەر پشتی وڵاغەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەچن، هەر لە سروشتی خۆیاندا زۆر هیمەت بەرز دێنە بەرچاو، بەڵام پاك و خاوێن نینە، کەمێك بە خۆیان سەرسامن، تا ڕادەیەك چاوکراوە و دەم گەورەن، پرچیان ڕەشە، ڕەنگ گەنمی و بە پەڵەی سوورن). (سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو)

### ٢ـ لیاندرۆ کوتالوردا (١٧٠٤ ـ ١٧٨٤)
### LEANDRO COTTALORDA

ـ گەشتی دووەم بۆ وڵاتی فارس، ڕۆما، ١٧٥٧.[١٠٣]

ئەم نێردراوە زانیاری کەم و ئاساییمان لە بارەی کوردەوە پێدەدات، ئاماژە بە ڕێگری و وەرگرتنی باجی پەڕینەوە دەدات و دەنووسێت: (...ئینجا گەیشتینە نزیك گوندێك، ناوی ئەسەنکێف بوو، دەیانگوت قەڵایەکی سەخت و گرنگی هەیە، بەگ یان میرێکی کوردی تیا دەژی، باج وەردەگرێت، جا لە کەل و پەل بێ، یان لە گەشتیاران، لەم ڕووەوە جیاوازی ناکات، کە ئەمە شتێکی باو نەبووە، بەڵام دان بە فرمانەکانی بابول عالی دانانێت، بەڵکو سەر بە پاشای (بابل) بەغدادە). (لا: ١٤)

ـ گەشتی سێیەم بۆ وڵاتی نێوان دوو زێیان (میسۆپۆتامیا)، ڕۆما، ١٧٥٧.[١٠٤]

نووسەر لەم کتێبەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چۆن فرمانەکانی پاشای بابل بوونە هۆی شۆڕشێکی کورد و هەندێ پاشای کورد ڕاپەڕین، بەڵام کە پاشای بابل هەوڵی دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەم کوردانەی دا، خۆی مرد. (لا: ١٨)

## ٣ـ ماوریتزیۆ گارزۆنی
## MAURIZIO GARZONI

ـ ڕێزمان و موعجەمی زمانی کوردی، ڕۆما، ١٧٨٧. [١٠٥]

ئەم کتێبە لە مێژووی کورددا، سەرچاوەیەکی سەرەکییە، چونکە یەکەم کتێبە بە ئاشکرا لەسەر بنەمایەکی زانستی، دانی ناوە بە ڕەسەنایەتی زمانی کوردی، بە شێوەیەك دانەرەکەی جێی خۆی بووە، بە (باوکی زمانی کوردی) بژمێردرێت[١٠٦]، هەروەها بە (پێشەنگی زمانی کوردی) ناونراوە.[١٠٧]

(بریداری) تێبینی ئەوە دەکات، دەنووسێت: (بەر لە ماوریتزنۆ لەنێو زانا ئەوروپییەکان و لەنێو ڕۆژهەڵاتناسانیش، کەسێك بیری لە زمانی کوردی نەکردۆتەوە).[١٠٨]

(دی گوبرنتاس)یش ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە (ماوریتزیۆ گارزۆنی) شایانی ئەوەیە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانە بێت، کە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیان کۆڵیوەتەوە.[١٠٩]

ئەو موعجەمەی (گارزۆنی) لە نێوانساڵانی ١٧٦٤ ـ ١٧٧٥ دایناوە، چوار هەزار و شەشسەد وشە بەخۆوە دەگرێت[١١٠]، تارادەیەك بە کەموکوڕییەوە ڕەگەزەکانی ڕێزمانی کوردیشی تێدەکەوێت، بە تایبەتیش لەوەی کەوا پەیوەندی هەیە بە گۆکردنی دەنگی وشەکان، بە شێوەیەك ئەگەر ئەمڕۆ لەوکاتەی ئێستامان بەکاری بێنین دووچاری کێشەی زۆر دەبین، بۆیە نووسەر خۆیشی لە پێشەکی ئەم موعجەمەیدا ئاماژە بەو کەموکوڕیانەی دەکات و دەنووسێت: (لە ڕاستیدا دەڵێم: ئەم ڕێزمانە لە هەموو بەشەکانیدا تەواو نییە، بەڵام سۆزی خەڵکە زیرەکەکان وەدەست دێنم، چونکە لەو بوارەدا من یەکەم کەسم، بێ ئەوەی پەنام بۆ هیچ کەس و هیچ سەرچاوە و زمانێکی تر بردبێت، نییەتم هێنابوو ڕێزمانێك بێنمە باری هەبوون، کە تا ئەمڕۆ



لەبیر کرابوو، مەبەستی بە تەنیاشم لەو کارەم یارمەتیدانی نێردراوەکان بوو، بۆ ئایندە).(لا: ٩)

(گارزۆنی) دەڵێت: بنچینەی زمانی کوردی زمانی فارسییە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن دەشێوێت، ئەوەش لەبەر وەرگرتنی زۆرێکی وشەی عەرەبی و هاتنە ناوی وشە و دەستەواژەی کلدانی (سریانی) بە شێوەیەك پاش چەند سەدەیەك زمانێکی جیاواز لە زمانانی تر دروستدەبێت و ناوێکی تایبەت وەردەگرێت.(لا: ٣)

ئەم نێردراوە دۆمنیکییە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە زمانی کوردی وەکو زمانی قسەی ئاسایی بەکاردەهێنرێت، نەك وەك زمانی ئەدەب، لە ڕاست ئەوەش، کە ئەدەبیاتێکی کۆنی کوردی هەبێت، بێدەنگ دەبێت[١١١]، دەڵێت: (... کورد لە نووسراوەکانی خۆیاندا زمانی فارسی بەکاردێنن، کە لە بێجگەی زاناکانیان کەسی تریان نایزانن، بەڵام ئەو مەسیحیانەی لە نێویاندا دەژین، ئەوان لە نووسینەکانی خۆیاندا ڕێنووسی (کەرشۆنی) بەکاردێنن، (هەرچی خەڵکانی تریشن، کە لە ناوچە کوردییەکاندا دەژین)، نەستۆرییەکان زمانی کلدانی (سریانی ڕۆژهەڵاتی)، ئەرسۆدۆکس زمانی (سریانی ڕۆژئاوایی)، ئەرمەن (زمانی ئەرمەنی) بەکاردێنن، بەڵام هەموویان ناچارن دەبێ کوردی بزانن، ئەمەش نەك هەر تەنها لە پێناو بازرگانی کردنیان لەگەڵ موسڵمانان، بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیشیان لەلای گەورەکانیان). (لا: ٨)

نووسەر لە زمانی کوردیدا بە پێی میرنشینەکان پێنج زار لە یەکتری جیادەکاتەوە، کە ئەوانیش (کاراجۆلان ـ قەڵاچۆلان ـ ، ئامێدی، جۆلەمێرگ، جزیرە، بەدلیس)ن.(لا: ٤)

(گارزۆنی) لە موعجەمەکەی خۆیدا زاری ئامێدی بەکاردەهێنێت، چونکە ماوەیەکی درێژ لەوێ ژیاوە[١١٢]، هەروەها لەبەر ئەوەی وادەزانێ، ئەم زارە پاکترین زار بێت[١١٣]، لەمەولاش واتە دوای ئەوە، بابەتی دیراساتی زیاتر لە زارەکانی تر دێنە

پێش Kurmangi [١١٤]، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە لە ڕووەکانی سیاسی و ئابووری، ئامێدی لە پێش ئەوانی تر دێت.

نووسەر لە پێشەکییە کورتەکەی هەندێ زانیاریمان لە بارەی کوردستانەوە لە ڕووەکانی جوگرافی و ئابووری و مێژوویی و سیاسی پێدەدات، دەنووسێت: (کوردستان دابەش دەبێتە سەر پێنج میرنشینی گەورەی ئیسلامی، سەر بە (بابول عالی) عوسمانین، هەندێکیشیان لە هەندێ کاتدا سەر بە فارسن، ئەوانیش بریتینە لە: میرنشینی بەدلیس، میرنشینی جزیرە، کە لەلایەن هەندێ لە جوگرافیناسانەوە هەروەها بە (مەملەکەتی بۆتانییەکان)یش دەناسرێت، میرنشینی ئامێدی، میرنشینی جۆلەمێرگ، میرنشینی قەلاچۆلان، هەریەکە لەو میرنشینانە لە تواناشیاندا هەیە لە کاتی پێویستدا دوانزە هەزار و پێنجسەد کەسیان چەکدار بکەن). (لا: ٣)

(گارزۆنی) کە دێتە سەر باسی چۆنیەتی گەیشتن بە کورسی دەسەلات، ڕژدتر دەبێت و دەنووسێت: (میرەکانیان لە ڕێگەی میراتەوە، باوك لە باپیرەوە دەسەلات وەرناگرن، هەموو جارێ بەم شێوەیە بۆیان بمێنێتەوە، بەڵکو بە گوێزانەوەی دەسەلات بۆ یەکێ لە تاکەکانی هۆزەکە (دەبنە میر)، ئەمەش دوای ململانێ و ناپاکی کردنی جۆراوجۆر، چونکە ئەم نەتەوەیە دابەش بووەتە سەر چەندین هۆز، پێیان دەڵێن (عەشیرەت) و شەڕکەرەکانیان لە پیاوانی ئەم عەشیرەتانە پێکدێن، هەریەکە لەو هۆز، یان عەشیرەتانەش سەرۆکی تایبەتیان هەیە لە لایەن (میر)ەوە دەستنیشان دەکرێت، بۆیە زۆر جار وادەبێت، ئەم هۆزانە لە میرەکەیان ڕادەپەڕن، سێ، یان چواریان لە دژیدا یەك دەگرن، گەر سەرکەوتن میرەکەیان لەسەر تەخت لادەبەن، میرێکی تری دەخەنە شوێن، کە هەمیشە ئەو میرە تازەیە هەر سەر بە بنەماڵەی میرە تازە لادراوەکە دەبێت). (لا: ٥و٦)

(گارزۆنی) لەم بابەتەوە چ دانراوی دیکەی جێنەهێلاوە[١١٥]، ئەمەش زیانێکی گەورە دەرووستدەکات، چونکە لەو ڕۆژگارەدا ئەو زۆر ڕۆچووبووە نێو کوردستان و کورد، بۆیە شارەزایی و توانای لەو بوارە ئاماژەبۆکراوەدا گەورەبوو.



## ٤ـ دۆمنیکۆ سستینی (١٧٥٠ ـ ١٨٣٢)
## DOMENICO SESTINI

ـ گەشتێك لە قوستەنتینییەوە بۆ بەسرا، ئیڤردن ١٧٨٦.[١١٦]

ڕاپۆرتی ئەم گەشتە زانیاری کەم، بەڵام بڕواپێکراو لە بارەی کوردەوە لەخۆدەگرێت، نووسەرەکەی زۆرجار ئاماژە بە ڕای ئەو گەڕیدانەی دیکەوە دەکات، کە پێشتر سەردانی کوردستانیان کردووە، گرنگترین پەڕەگرافەکانی ئەمانەن، کە باس لە بنەمای سیاسی و ڕۆڵی ژن دەکەن. (لا: ١١١)

هەروەها باس لە ژیانی هۆزی (ڕۆشیڤان) دەکات، لەگەڵ ئەو هۆکارانە، کە ئەو وەها گومان دەبات، ئەوانەن وایان لەو هۆزە کردووە ببنە ڕێگر لە گەشتیاران، دەنووسێت: (لێرە پاشایەکیان هەیە ملکەچی دەکەن، دان بە فرمانەکانی (گەورە سوڵتانی عوسمانی دانانێت)، گوێشی پێنادات، لەوەشدا هەموو ئەوانەی لەژێر دەستینە، شوێنی دەکەون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ساڵانە سەد کیسە زێڕ دەبێت بە بابول عالی بدات، ئەم بڕە زێڕەش زۆرە، ناچارە لە میللەتەکەی و لە گەشتیاران و کەسانی دیکە وەکو باج و سەرانەیەك لێیان بسێنێت).(لا: ٨١)

ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردن بێت، ئەو وەسفەیەتی، کە بۆ خیوەتگای کوردە کۆچەرییەکانی دەکات، دەنووسێت: (لەسەرمانە گۆڕەپانێکی گەورەی چوارگۆشە لە خەیاڵماندا وێنە بکێشین، خیوەتی سەرۆك، کە خیوەتە گەورەکەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە و لە ئەوانی دیکە هۆکاری حەسانەوەی زیاتری تێدایە، ئینجا بە پلە خیوەتی لەو بچوکتر دێن، لە نزیکیەوەی کانییەك هەیە، یان بیرێکیان هەڵکەندووە، بۆ بەدەستهێنانی ئاوی پێویست).[١١٧]

هەموو خێزانێکیش ژمارەیەکی کەم، یان زۆر ماڵاتیان هەیە، ئەوە بەڵگەی هەژاری و دەوڵەمەندییانە، بۆیە دەبینین خیوەتەکان یەك لە ئەوەی تر بە گوێرەی پێویست دوورە، ئەمەش وادەکات، ماڵاتی هەر ماڵێکیان کە ئێوارە لە لەوەڕگا

دێتەوە، خاوەن ماڵ لە پێش خیوەتەکەی چاودێر بێت، نەوەك و لە پێش ماڵی خۆیەوە دزی لێبکرێ). (لا: ١٢٩ و ١٣٠).[١١٨]

هەروەها لە (لا: ١٤٧)دا دەنووسێت: (یەزیدییەکان کوردن.. بۆ ئەمەش چ بەڵگەیەکی نییە، بۆیە زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێت، ئەم قسەیەی لەسەر ڕایەکانی (گاڕزۆنی) دامەزراندبێت.

جگە لەمانە، نووسەر هەندێ زانیاری تایبەت بەخۆی لە بارەی هێزەکانی میرنشینی بەدلیس و شوورا بەرگریکەرەکەی ئەو شارە تۆمار دەکات، کە چۆن توانیویەتی بەرەنگاری ئابلۆقەی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بکات، دواتریش لە قۆناغی پاشتردا، کە خۆ بە دەست سوڵتان ئۆزۆن حەسەن دەدەن، وەنەبێ هەموویان خۆیان بە دەستەوە دابێت، بەڵکو سێ ساڵ بەرەنگاربوونەوەیەکی پیاوانە دەکەن، زۆربەیان لە برسان دەمرن، ئەوانەی ماون و خۆیان بە دەستەوە دەدەن، تەنیا حەوت کەس دەبن. (لا: ٣٣)

هەر لەو ڕاپۆڕتەدا لە (لاپەڕەکانی ١٦١و ١٦٢) کورتەیەك لە بارەی شاری ئامێدی و لە (لاپەڕەکانی ١٥١ـ ١٦٠)یش کورتەیەك لە بارەی شاری موسڵ هاتووە.

# سەدەی نۆزدەیەم

## ١ـ جۆزینی كامبانیلی (١٧٦٢ ـ ١٨٣٥)
## GIUSEPPE CAMPANILE

ـ مێژووی ناوچەی كوردستان و تایەفە ئاینییەكانی، نابولی، ١٨١٨.[١١٩]

یەكەم كارێكی چاپكراوە لە ئیتالیا و تەنانەت دوور نییە بڵێین لە هەموو جیهانیش، كە بە تەواوەتی بۆ ناوچەی كوردی تەرخانكرابێت.

نووسەرەكەی لەم كتێبەدا هەڵساوە بە شیكردنەوە و لێكدانەوەی ژێرخانە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی دانیشتوانە كوردەكەی كوردستان.[١٢٠]

بۆیە ئەم كتێبە لە ڕووی فیكرییەوە بە شێوەیەكی باش كارەكەی (گاڕزۆنی) تەواو دەكات، چونكە كارەكەی (گاڕزۆنی) تەنیا لەسەر لایەنی زمان كورت دەبووەوە، ئەمەش شتانی تر لەخۆ دەگرێت، بۆیە دەشێ بڵێین: ئەم كارانە تەواوكەری یەكن و سەرچاوەی نووسینی ئەو كارانەی ترن، كە بە دوایانەوە دێن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە كاتێكدا دەبینین موعجەمەكەی (گاڕزۆنی) لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتییەوە ناسراوە، زۆران كەس لە نووسینەكانیان ئاماژە بۆ ڕاكانی (گاڕزۆنی) دەكەن، لەولاوە كارەكەی (كامبانیلی) كەمتر لەلایەن لێكۆڵەران و نووسەرانی دوای خۆی سوودی لێوەردەگرن.[١٢١] هەرچەندە گرنگیشە بۆ ناسینی كوردستان، چونكە ناواخنەكەی زانیاری ورد و ڕووداوی زۆر لە خۆ دەگرێت، بەڵام لایەنی خراپی ئەم كارە ئەوەیە، (كامبانیلی) نەزعەیەكی دوژمنایەتی هەیە بۆ كورد،



كە لەو كتێبەیدا بە ئاشكرا وەها دەبینرێت، ئەمەش وا پێدەچێت، لە كەم دەركردنیەوەی هاتبێت، بە داب و نەریتە ناوخۆییەكانی ناوچەكە، بە شێوەیەك وای لێدێ بۆ كەمكردنەوەی هەژاری پێشنیاری شێوازێكی بەخێوكردنی مالاتیان بۆ دەكات، كە لەلای كوردانەوە ئەم شێوازە حەرامە. (لا: ٢٠٧)

هەروەها نووسەر بەوە پەسنی كورد دەدات، كە خەڵكێكن شوانن، بەتاڵ و بێكارن، كەللەڕەقن، لەگەڵ چەند قسەیەكی دیكەی نابەدڵ و ناخۆش، بەڵام ناتوانێت ئەوەش بشارێتەوە لە سیفەتە جوانەكانیان، دەنووسێت: (لە شەڕەكاندا ئازان، موجازەفە بە ژیانیان دەدەن و خاوەن هێز و ویستی خۆیانن، ڕێزی كەسانی بەهێز و جددی دەگرن، زۆر بە جەرگن). (لا: ٣)

ئەم كتێبەی (كامبانیلی) لە هەشت بەش پێكدێت، كە هەر بەشەی بەسەر چەند پەڕەگرافێك دابەشكراوە، نووسەر شیكاری ژێرخان و ئەو باسانە دەكات، كە لەنێو كۆمەڵگای كوردییەوە زاڵن، لە بەشی دووەمدا لەسەر ژێرخانی سیاسی دەدوێ و ناونیشانی بەشەكە دەكاتە: (لە بارەی میرنشینە كوردییەكان و دەسەڵاتەكانیان). (بڕوانە لاپەڕەكانی ٦٥ ـ ٦٧)

نووسەر لێرەدا كوردستان بۆ سەر حەوت میرنشین دابەشدەكات، ئەوانیش بریتین لەمیرنشینەكانی: بەدلیس Betlis، هەكاری یان (شامبو)شی پێدەڵێن– Agari Sciambo، بۆتان Botan، بەهدینان Bahdindn، سۆران، یان ناوچەی كۆیسنجاق Soran، بابان یان سلێمانی Baban، كاراجولان (قەڵاچوالان) karaciolan. (لاپەرە: ٥).

ئینجا بە درێژی دێتە سەر باسی ئەو میرنشینانە، بە تایبەتی میرنشینەكانی بەهدینان و ئامێدی پایتەختی و بابان و سلێمانی پایتەختی و دەڵێت: ئامێدی شارێكی زۆر كۆنە، حەوت وەزیر و پاشای تری هاوسنوور چەندین جار ویستویانە دەستی بەسەردا بگرن، بەڵام بێهوودە بووە، چونكە ئەو شارە بە چەند تۆپێكی كەمی قەبارە بچووك، كەوا پێدەچێت لەوێدا توانای گواستنەوەی مەحال بێ، دەتوانێ لە

دژی هەر سوپایەکی دەسەڵاتی گەورەی ئاسیا بەرگری لە خۆی بکات، ئەم تۆپ (مدفع) انەش بارام پاشای باوکی(؟) پاشای ئێستا هێناوەتنیە ئەو شارە). (لا: ٢٥).

( بەڵام بەهێزترین و گەورەترین میرنشینەکانی کوردستان، میرنشینی (بابان)ە، میرەکەی نازناوی (پاشا)ی هەیە و دوو دەوڵەتان فەرمانڕەوایی دەکات، دەوڵەتی بابان کە خۆی لە نێوی دەژی و دەوڵەتی کارا جۆلان (قەڵاچوالان)یش، کە (وەکیل)ێکی خۆی بەسەرەوە داناوە، زەوییەکانیشی لە بەپیتترین و پڕ کێڵگەترین زەوییەکانی هەر پارچەیەکی تری کوردستانە، خەڵکی تیا نابڕێ و بزاڤی بازرگانی بێگانانیشی تیا گەورەیە، رواڵەتی خەڵکەکەی ئەوە دەردەخەن، کە بووژاوە و لە ژیانێکی خۆش و رەفاهییەت بن، ڕۆژانە وا ڕاهاتوون، چوار جار نان دەخۆن، هەروەها گەلێکی شەڕکەرو لە بێجگەی خۆیان ئازاتریشن، بۆیە کوردستان بۆی هەیە شانازییان پێوە بکات). (لاپەڕەکانی :٤٤ ـ٤٥).

لە بەشی سێیەمدا دێتە سەر بیری ئایینی کوردان (لاپەڕەکانی:٧٠ ـ ١٤٥)، بەڵام قسەکانی هەر لەسەر ئایین کورت ناکاتەوە، بەڵکو راپۆرتێکیش لە بارەی بۆچوونە (خەڕافی) و سیحر گرتنەوە و ئەو بیروڕایەنەش دەنووسێت، کە لە ناوچەکەدا رۆڵێکیان هەبووە، هەر لەم بەشەدا: داب و نەریت و بەرووبووم و بازرگانی و هونەر و خواردن و جل و بەرگ و گەمە و یاریش (کە لە ناوچەکەدا هەبوونە) ئاماژەی بۆ کردوون.

نووسەر بەشێکی گەورەی کتێبەکەی، کە بەشی چوارەمە و بە تەواوەتی و (لاپەڕەکانی: ١٤٦ - ١٦٥)ی گرتووە بۆ (یەزیدییەکان) تەرخاندەکات:

هەرچی بەشەکانی دواتریشە، نووسەر تایبەتیان دەکات بە: هۆزە کوردە کۆچەرەکان و نەتەوەکانی تری کوردستان لە وێنەی: مەسیحییەکان، تورکە کۆچەرەکان، عەرەب، تورکمان، صابیئە و بێجگەیان.

دوا بەشیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە تایبەتە بە (گرنگی سەربازی و سیاسی و بازرگانی ناوچەی کوردستان) (لاپەڕەکانی ٢٠٣ــ٢١١) کە تا ئێستاش تێبینی و دەرکێشراوە بیرییەکانی، ئەوەی ئاماژەی بۆ کردوون، پەسندن، ئەوەتا بە



شێوەیەکی سەرنجڕاکێش شوێنی ستراتیژی کوردستان زەقدەکاتەوە و دەڵێت: (ئەم بەشە بچووکە و بەردینییەی جیهان، یەکێ لەو قەڵاجوان و پارێزراوانە پێکدێنێ، کە (خودا) وای درووستکردووە و هەر ئەویشە دەیپارێزێ... هەروەها کوردستان شوێنێکی مسۆگەر و خۆشتر لە بێجگەی خۆی هەیە، ئەمەش بە بەرچاوگرتنی ئەوەی، کە لە کاتی شەڕدا زۆر بە ئاسانی سەربازان دەتوانن بۆی بکشێنەوە) (لاپەڕەکانی : ٢٠٣ ـ ٢٠٤).

(کامبانیلی) تێبینی گرنگی سامانی ئابووری و بازرگانی کوردستانیش دەکات، کە یەکێکە لەو ناوچانەی بەرزترین ئاستی بەشە ئابووری خۆی هەیە و بە هۆی سەرچاوە کانزایی و کشتوکاڵییەکانی، بە تایبەتی نەوتەکەی، لە زۆربەی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیایە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ( ناوچەی کوردان بە گشتی لەچەند زنجیرە چیایەکی سەخت و بەرز پێکهاتووە، لەگەڵ هەندێ دۆڵی تەسك و دەشتێکی بچووکی بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و چەندین جۆگەی ئاو، خۆ ئەگەر کارەباش بگەیێنرێتە ئەو وڵاتە، سوودی زۆر لە بەردەکانی وەدیدەهێنرێ و وای لێدێت ناوچەکە پێویستی بە بازووی نەتەوەکانی هاوسنووریش دەبێت، ئەوسا چیاکانی بە ڕووەکی جۆراوجۆر بەرگی سەوز دەپۆشن و هێندە بەرەوبووم دەدەن، نەك بە تەنیا بەشی ناوچەکە بکات، بەڵکو بەشی سوریا و ئاشوور و کلد و فەلەستین و عێراق و تەنانەت بەشێکی ئەورووپاش دەکات، بەڵام بیرتەسکی ئەو خەڵکانەی تیایا دەژین، رێگەیان نادات دڵی چیاکانیان شەقبکەن، کە کانی چەندین کانزای گرنگ و لەبن نەهاتوو بەخۆوە دەگرن. دۆڵەکانیش گەر ئاژەڵدارییان بە باشی لێبکرێت پێویستی سەرجەم پارچەکانی تر لە پەنیری بەتام و کەرە و خوری دابین دەکەن... دەشتەکانیش لە توانایاندایە بە بڕێکی ئەگەر تەواویش نەبێت، گەنم و جۆ مسۆگەر بکەن، کە ئەمەش بێگومان هیچ نەبێ، بەشێکی باشی ئەو برسییەتییە گەورەیە بنبڕ دەکات، کە لە دەرئەنجامی کەمی ئەو مادانەوە دروستدەبێت.. بەهۆی جۆگە ئاوەکانیش ئاخۆ بازرگانی چەند پێشکەوێت!

لە راستیدا کوردستان گەنجینەیەکی وەك پێویست نەناسراوە و کەم وایە خەڵکەکەی، ئەوانەی لەژێر باری کەمتەرخەمیدا دەناڵێنن، گرنگی پێپدەن) (لاپەرەکانی: ١١٨ـ ١١٩)[١٢٦]

## ٢ـ جوفانی باتیستارامبولدی(١٧٦١ ـ ١٨٣٦)
## GIOVANNI BATTISTAPAMPOLDI

ـ ڕۆژانەی ئیسلامی، میلانۆ ١٨٢٢ ١٨٢٦.[١٢٧]

ئەم کارە ئاماژەی کەم لە بارەی کوردەوە بەخۆ دەگرێ.. لەوانە شەڕێکی کوردستان ساڵی ٨٣٧ (بەرگی: ٤، لاپەرە: ٢٦٣).

هێرشێکی نوێی خەلیفە (موعتەزید) دژی میر (ئیبن وحەمدان) ساڵی ٨٩٥، لەم جارەیدا دەستکەوتی لە جاری پێشوو باشتر دەبێت، کە ساڵی پێشوو بووە و ئەمجارەیان دەست بەسەر (ماردین)دا دەگرێت... (بەرگی: ٥، لاپەرە: ٨١).

لە پەراوێزی (٢٥)یشدا نووسەر مێژووی کورد هەر لەسەرەتاوە، تا ئەو ڕۆژەی خۆی تیای بینیوە، کورت دەکاتەوە، بەڵام کورتەیەکی پڕ لە هەڵە و گومانـاوی لە بارەی بنچینە و ئەسڵی کورد (بەرگی: ٥، لاپەرە:٣٩٦).

زایارییە نوێکانیشی لە کتێبی (نیبور)[١٢٨] وەردەگرێ، بێ ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات، بۆ وێنە دەڵێت: (وەها باوە خەڵکەکەی هەموو یەکگرتوون، ژمارەیان ساڵی ١٨٧٤، سەد و چل هەزار کەس بووە، هەمووشیان ئامادەن بۆ هەڵگرتنی چەك) (بەرگی: ٥، لاپەرە: ٣٩٧).



## ٣ـ جولیۆ فیراریۆ
## GIULIO FERRARIO

ـ سیستمی کۆن و نوێ، یان مێژووی فەرمانڕەوایی و سوپا و ئایین و هونەر و دابی گەلە کۆن و نوێیەکان، میلانۆ ١٨١٨ ـ ١٨١٩.[١٢٩]

نووسەر لەو بەشەیدا کە تایبەتی کردووە بە (فارس)ەکان دێتە سەر باسی (کورد) و دەڵێت: (ژمارەیان وەك (مۆڵتە ـ برن Moita B run) دەیڵێت: نەوەد هەزار کەسە، ئەم ژمارەیەش کوردە کشتوکاڵ کەرەکان ناگرێتەوە)، (بەرگی: ٣، لا:٥٧٥).

ئاماژە بە بارێکی ژیانی کۆچەریش دەکات، لای کورد، لەگەڵ ئەودا، کە بەشێوەیەکی زۆر چەکی ئاگرین بەکار ناهێنن، ئەوانەشیان کە لە شارەکان دەژین زۆر کەمن. (بەرگی: ٣، لا: ٥٧٦).

## ٤ـ ج. ب. مارگۆلی
## G.B.MARGAROL

- فەرهەنگی جوگرافی و مێژوویی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دانەر: ج.ب. مارگۆلی، ئەمەش پاشکۆی کتێبەکەیتی، کە ناونیشانەکەی (تورکیا)یە و دانەر بە چاوەکانی خۆی بینیویەتی، میلانۆ ١٨٢٥.[١٣٠]

لەکاتی قسەکردن لەسەر کورد لە (لا: ٦٨ ـ ٦٩)و کوردستان (لا: ١٤١ـ١٤٣) نووسەر بۆ کتێبەکانی (نیبور) و (رامبولدی) دەگەڕێتەوە، لەمەشدا هەڵەی زۆر دەکات، لەوانە: ئەوان (کوردەکان) بە زمانی فارسی قسەدەکەن و کۆمەڵێ وشەی عەرەبی و کلدانی (سریانی) تێکەڵ دەکەن (لا:٦٨). هەروەها دەڵێت: (تورکەکان دەڵێن: کورد شەیتان دەپەرستن!)(لا:٦٩).

## ٥ـ نووسەرێکی نەناسراو
ANONIMO

ـ کورد و کوردستانی فارسی و تورکی، لە فەرهەنگی نوێی جوگرافیای گشتی و ئاماری مێژوویی بازرگانی، دانەر: نوسەرێکی نەناسراو، بوندقییە ١٨٢٦ ـ ١٨٣٥.[١٣١]

وشە هەڵبژاردەکانی بە باشی و بەوپەڕی وردییەوە دادەڕێژێ (بەرگی: ٣، بەشی: ٢، لا: ١٤٨ـ١٥٠)، لەوانەشە یەکەم فەرهەنگێک بێ، جیاوازی لە نێوان کوردستانی فارسی و کوردستانی تورکی بکات..

کورد بەسەر دوو کۆمەڵی کۆچەر و نیشتەجێ دابەشدەکات و باسی جل و بەرگ و ئابوریيان دەکات.. هەروەها ئاماژە بۆ کۆمەڵێ بەخشراوی جۆراوجۆر دەکات، کە هەموویان بە دەوری جوگرافیای سروشتییەوە دەخولێنەوە.. ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆکردنیش بێ، ژمارەی کورد وەك بۆی دەچێ و دەڵێت: (دەتوانین ژمارەی کوردەکانی فارس بە (٨٨/٠٠٠)کەس و کوردەکانی تورکیاش بە (١/٠٠٠/٠٠٠) کەس دەستنیشان بکەین) (لا: ٤٩).

## ٦ـ نەناسراوێکی تر
ANONIMO

ـ کورد لە مۆزەخانەی زانستی ئەدەبی و هونەری.. دانەر: نەناسراوێك، تۆرینۆ ١٨٣٩.[١٣٢]

لەو کتێبەدا وا دەردەکەوێت کورد و فارس یەك شت بن و کوردستانی تورکیا هەر لە بنجدا نەبێ.. نووسەر بوار بۆ باسی دابی هۆزە کوردە کۆچەرەکان دەسازێنێ و لەگەڵ ئەوەشدا کە نەزعەیەکی دژایەتی لەگەڵ کوردا لێ دەردەکەوێ، بەڵام هەندێ تێبینی گرنگ و شیاو بە گرنگی پێدان تۆمار دەکات.



## ٧ـ نەناسراوێکی تر
ANONIMO

- " لەبارەی هەموو شتێکەوە" مەوسوعەیەکی هەمەڕەنگی، هونەری و ئەدەبییە، دانەرەکەی: نووسەرێکی نەناسراو، نابولی١٨٤١.[١٣٣]

لەو کتێبەیشدا وەك زانیارییەکی دووبارەکراوە لە بارەی کوردەوە ئەوە تۆمارکراوە تەوە، کە لە (مۆزەخانەی زانستی) سەرووددا تۆمارکرابوو و ئاماژەمان بۆیکرد.

## ٨ـ ب/ بیوەندیلی
B.BIONDELLI

ـ ئەتلەسی ئەوروپای زمانەوانی، میلانۆ ١٨٤١.[١٣٤]

نووسەر لێرەدا بە تێروتەسەلی کتێبەکەی (گارتزونی) و هەڵسەنگاندنی تێبینییەکانی لە بارەی زمانی کوردییەوە دەخاتە روو، بێ ئەوەی بە زانیاری نوێ دەوڵەمەندی بکات (لا:٥٣)

## ٩ـ گایتانۆ مۆرنی
GAETAN MORONI

- فەرهەنگی رۆشنبیری مێژوویی کەنیسی، بوندقییە ١٨٤٠- ١٨٦١.[١٣٥]

ئەم فەرهەنگە زانیاری چروپڕ لەمەڕ کورد و کوردستان بەخۆوە دەگرێ، بە تایبەتیش گەشەی کەنیسەکانی ناوچەکە و نێردراوە کاسۆلێکییەکان و حاڵ و باریان. (بەرگی ١٥، لا:٢٠٩: ٢٦٣: ٢٦٥). لەگەڵ هەندێ زانیاری تر، کە لە کاتی باسکردنی ناوی هەندێ شاردا دەیبینین، لەوانە شاری (موسڵ) (بەرگی ٤٧، لا ١٩،٢٠) کە دەڵێت: (ئەو شارە گەورەترین بازاڕەکانی رۆژهەڵاتە، کۆگای مازی و سەمغ و مۆمی کوردستانە، لەگەڵ لۆکەی دەوروبەر.. دانیشتوانی بە (٦٠) هەزار کەس دادەنرێت، پێنج یەکیان مەسیحین، ئەوانەی تریش عەرەبی موسڵمان و کوردن).

هەروەها باس لە شاری (سەعەرد SAERT) دەکات، (بەرگی ٧١و لا: ٢٥)، کە تیایدا (بەپێی تەقسی کلدانی لە تورکیا و ئاسیای ڕۆژهەڵات، کورسی ئەسقەفیەی کوردستان بە خۆوە دەگرێ و بارەگای ئەسقەفی لە (سەعەرد)ە...).[١٣٦]

## ١٠ـ چیزاری کانتۆ
## CESARE CANTU

١ـ مێژووە پابەندەکانی مێژووی شامل، تۆرینۆ (١٨٥١).[١٣٧]

نووسەر لەم کتێبەدا کوردستانی فارسی وەك پارچەیەك لە (یانزە) پارچە و هەرێمەکانی وڵاتی (فارس) دەژمێرێت، دەشڵێت: شارە سەرکییەکانی (کرمانشاه) و (سنە)ن. (لا:٦٠).

٢ـ مێژووی شامل، تۆرینۆ ١٨٦٥.[١٣٨]

لەم کتێبەشدا نووسەر باس لەو شەڕانە دەکات، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە لە نێوان دوو دەستەی کورد و قاجارییەکان رووی داو، وڵاتی (فارس)یان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد، دەڵێت دەستەی یەکەم لە لایەن شای تاران و دەستەی دووەمیش لە لایەن (محەمەد حەسەن)ی کابول پشتگیری دەکران. (بەرگی ٦، لا:١٤٠)

## ١١ـ ف ـ مارمۆکی
## F.C. MARMOCCHI

ـ وانەکانی جوگرافیای مێژوویی کۆن، بۆ چەرخەکانی ناوەڕاست و نوێ، تۆرینۆ(١٨٥٧).[١٣٩]

هەندێ زانیاری لە بارەی شارە کوردییەکانەوە، هەر لە کۆنترین چاخەکانەوە تاسەدەی سێنزەهەم بەخۆوە دەگرێت.. دەڵێت: بە ڕای کوردان دوای لافاوەکەی (تۆفانی نوح ـ سەلامی لێ بێ) بە ماوەیەکی کەم شاری بەدلیس بیناکراوە، بەڵام



ئەرمەنییەکان دەڵێن: (ئەسکەندەری گەورە) بینای کردووە (بەرگی ٢، لا:٥١)[١٤٠]، هەروەها بە درێژایش لە بارەی دەوڵەتی موسڵ و شانشینی هەولێر زانیاری بەخۆوە دەگرێ. ( بەرگی ٢، لا٦٦).

## ١٢ـ مینی
## C.MINI

ـ ئاسیا یان پەسنی سروشتی و مێژوویی و سیاسی و بازرگانی وڵاتانی ئاسیا ، ئەوانەی کە لە کۆن و ئێستاش پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی هیندی و ئەو بازرگانییەی ئێستای ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە، وەك پێشەکی و دەروازەیەك بۆ مێژووی وڵاتانی هیندی ڕۆژهەڵاتی، جینوا (١٨٥٩).[١٤١]

ئەم کتێبە زانیاری کەم بەڵام ڕاست لە بارەی کوردەوە بەخۆوە دەگرێت، نووسەر ناوی (کرمانشا) وەك سەنتەری کوردستان دێنێ. (لا: ٥٠٣)

ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردنیش بێ، تێبینی ئەو جیاوازییە دەکات، کە لە نێوان ئایینی (کورد) و (فارس)دا هەیە، نووسەر ئەو جیاوازیانە دەخاتە ڕوو، کە ئەمە لە لایەن زۆربەی گەریدە و لێکۆلەران وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە، نووسەر لەم بارەوە دەنووسێت: (گەل بە تەواوی (سوننە) مەزهەبە- کە مەبەستی گەلی کوردە- هەرچەندە فارسەکان شیعەنە، بۆیە دەیانبینین وەك ئەوەی تورکەکان کوردیان خۆشدەوێت- چونکە هاومەزهەبن- فارسە شیعەکان بەم شێوەیە کوردیان خۆشناوێت). (لا: ٥٢١).

## ١٣ـ ئەگستینۆ مارکی (١٨٠٥ ـ ١٨٧٥)
## AGOSTINO MARCHI

ـ لە بارەی نێرراوەکانی وڵاتی نێوان دوو زێ، نامەیەك بۆ سەرۆکی (ئەب)انی دۆمنیکی، فینتشتنز و لامارکی، ڕۆما ١٨٤٣.[١٤٢]

ئەم نامایە لە (٧)ی تشرینی یەکەمی ساڵی **١٨٤٣** لە موسڵ نووسراوە، باس لە کێشەی پەیامی دۆمنیکی بە شێوەیکی تایبەت لە ناوچەی کوردستان دەکات، هەروەها هەندێ زانیاری لە بارەی دانیشتوان تۆمار دەکات، ئەوەتا دەڵێت: (شاری موسڵ بەر لەوەی (کولێرا) کوشندەکەی تیا بڵاوبێتەوە، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری کاسۆلیکی لێبوو، کە ئەمە دوانزە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بووە، بەڵام بە هەزاران بوونەتە قوربانی ئەو دەردە کوشندەیە، تا وای لێهات لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ژمارەی کاسۆلیکەکان بۆ تەنیا چوار هەزار کەس کورتبێتەوە، کە ئەم ژمارەیە بە (کلدان) و(سریان)ەکانیشەوەیە، (کلدان)ییەکان ژمارەیان دوو هەزار و هەشت سەد کەسە و (سریان)ەکانیش ژمارەیان هەزار و دووسەد کەسە، ئەمانە هەموو تێکەڵن لەگەڵ یەعقوبییەکانیش (سریانە ئارسۆدۆکس)ەکان، کە ژمارەیان لێرەدا زۆرە، لەگەڵ نەستورییە (ئاشووری)یەکانیش، هەروەها لەگەڵ مۆسڵمانەکانیش (لا:٣٦١)

تێبینییەکی تر، کە گرنگی تایبەتی خۆی هەبێ، ئەوەیە کە دەڵێت: (بە هۆی ئەو ڕێگا دەریاییەی بە ئەفریقیادا تێدەپەڕێت، کوردستان لە بازرگانی نێودەوڵەتی دادەبڕێت، هەروەها لە وەتەی دۆزینەوەی (رأس الرجاء الصالح)یش هەر بە تەواوەتی (کوردستان) لە بازرگانێتی ئەوروپی دادەبڕێ، هەروەها هەستدەکرێ تیایدا پێویستییەکی گەورە بە کتێبی سەرەکی و زانستی لە هەر جۆرێك بێ هەیە، چونکە تا ئێستا سوودیان لە داهێنانی چاپدا نەبینیوە). (لا:٣٦٢).

## ١٤ـ گایتانۆ ئۆسکۆلاتی(١٨٠٨ ـ ١٨٨٤)
## GAETAND OSCULATI

ـ کۆمەڵێ زانیاری کۆکراوە لە وڵاتانی فارس و هیندستان و میسر، لەگەڵ هەندێ تێبینی لە بارەی گەشتکردن بۆ فارس و وڵاتانی هیندی ڕۆژهەڵاتی، میلانۆ ١٨٤٤.[١٤٣]



ئەم کارەش چەند ئاماژەیەکی بۆ کورد تیا بەرجەستە دەبێ و لە بارەی شوێنی جوگرافی کوردستانەوە دەدوێ، لەگەڵ ڕێگری لە هەندێ کاروان تا ئەگەر لە لایەن ژنانی کوردیشەوە بووبێ.[١٤٤]

هەروەها باس لە باجی تێپەڕین بە خاکی کوردستاندا دەکات، کە بە زۆر لە گەشتیاران دەسەنرێت.[١٤٥]

## ١٥ـ کریستینا تریفۆلزیۆ ژنە میری بیلیجۆزۆ (١٨٠٨ ـ ١٨٧١)
## CRISTIN TRIVULZIO PRINCIPSSA DI BELCIOISO

**١ـ ئاسیای بچووك بیرەوەری چەند گەشتێك، پاریس ١٨٥٨.**[١٤٦]

کورتەی ئەم کارە ئەوەمان دێنێتەوە یاد، کە (مەدام شانتەر- MADAME CHANTER) نووسیویەتی، ئەو ئافرەتە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بە تەنیا سەفەری کوردستانی کردووە.[١٤٧]

ئەم ئافرەتە گەشتەکەی ساڵی ١٨٥٥ (کاتێ دوا شۆڕشی نەگبەتیان) دەستپێکردووە (لا:٤١٩)، ئەم کارە کە وەك کارێکی ئەدەبی و نەفەس درێژ دەردەکەوێ، لە یادەوەرییەکانی گەشت زیاتر بەخۆوە دەگرێ، نووسەرەکەی وا پیشاندەدات، کە گوندە کوردییەکان لە هەموو شتێکیان کەمە، ژنان بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکانیان ژیان بەسەر دەبەن، هەرچی مێرد و باوکی منداڵەکانیشیانن پاسەوانێتی زەوییەکانیان دەکەن، لە ئەو پەڕی بۆ ئەو پەڕی خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. (لا:٤٢١)

ئینجا نووسەر سەرسامی خۆی بەرامبەر ئەم گەلی (کورد)ە پیشاندەدات، چونکە دەڵێت: (نە تورك و نە تورکمانەکانیش (پیاوانی تورك) زاتی ئەوە ناکەن لەو

چیایانەدا خۆڕاگرن، کە وەقفی هۆزی سەرکەوتووە، ئەو هۆزەی، کە دەبێت بەردەوام ئامادەی شەڕ بێت..) (لا:٤٢٢)

**٢ـ چەند دیمەنێك لە ژیانی تورکیا.[١٤٨]**

بەشێك بە ناونیشانی (میرێکی کورد) پانتاییەکی گەورە لەو کتێبەدا داگیردەکات (لا: ٢٧٦) تیایدا نووسەر باس لە هەواڵەکانی (میر محەمەد بەگی کورد ـ MEHMET BEY) دەکات، کە خۆی لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵی و لەگەڵ (حەبیبە)ی خێزانیدا بەستووە.. لە گێڕانەوە درێژەکەیدا زۆرێك رووداوی رۆمانتیکی بە ژێر کاریگەرێتی ئەو میرە پاڵەوانە دێنێتە ناو .. ئەو میرە قارەمانە دوای ئەوەی عوسمانییەکان بڕیاری قەدەغەکردنی لەوەڕگا لە هاویندا بە ڕووی کورداندا دەدەن، کە ئەمە مەسەلەیەکی زیندوو و گرنگ و بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردییە[١٤٩]، کوردە شۆڕشگێڕەکان ئەرکی سەرکردایەتی کردنی خۆیانی دەخەنە ئەستۆ، لە دژی ئەو بڕیارەی سەرووی عوسمانییەکان سەرۆکایەتی ڕاپەڕینێك بۆ کوردە شۆڕشگێڕەکان دەکات.

نووسەر ڕوخساری کەسایەتییەکان و نەفسییەتیان وێنە دەکێشێ و بە قووڵایی ژیانی گونددا ڕۆدەچێ، ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە، کە وا لە کورد دەکەن هەمیشە لە شۆڕشدا بن، یان ناتەباییان لەگەڵ عوسمانییەکاندا بۆ دروستبکات. هەروەها باس لە باری بەهێزی سوپای عوسمانی دەکات، بە شێوەیەك، کە ئیتر زۆر جێی سەرسوڕمان نەبێ (محەمەد بەگ) بە دیلی بکەوێتە دەستیان، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر ئەو بوو، ڕێنمایی سەربازە تورکییەکانی دەکرد، لە کاتێکدا کە لە یەکێ لەشەڕەکاندا فەرماندەکەیان مردبوو و بێ فەرماندە مابوونەوە.

لە ئەنجامدا بەندکراوەکەش بەخشراو ڕێگەی درا لە (قوستەنتینییە) دابنیشێت (لا: ٢٦٤)، کە ئەمە بە هەمان شێوە لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی سەدەی بیستەمیش کراوە.[١٥٠]



ئەم کارە هەرچەندە بەشێوازێکی ڕۆمانتیکییانەش داڕێژرابێ لە ڕێزبەندییە مێژووییەکەی، بەڵام گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەو کێشە کوردییە دیارەی، کە لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەرجەستە دەبێ و شایەدعەیانێکی ئەورووپی تۆماریدەکات. (لا: ٢٦٧)

## ١٦ـ ئەلیساندرۆ دی بانکی (مردوو لە ساڵی- ١٨٩٦).
ALISSANRO DE BIANCHI

ـ چەند گەشتێك بۆ ئەرمینیا و کوردستان و لازیستان، میلانۆ ١٨٦٣.[١٥١]

ئەم کارە بە بەرچاوگرتنی ئەو باسانەی خستۆیەتییەڕوو، بە لوتکەی داهێنانەکانی ئەدەبی ئیتالی دادەنرێت و وەك دەڵێن: دانراوێکی تر نییە گەیشتبێتە ئاستی بەرزی ئەو کتێبە.

نووسەری ئەم کتێبە لەگەڵ پاسەوانانی ئیمپراتۆریەتی ئاسیاییدا ڕۆیشتووە، کە مەبەستم لەو پارچانە جۆرجیا و ئەرمێنیا و کوردستانە، ئەمەش هەر لە ساڵی (١٨٥٥)ـەوە.

نووسەر بە هەموو توانای خۆی هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ بارەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی وسەربازی ئەو وڵاتانە داوە. شەڕیش ئەو ڕۆژە لەگەڵ روسیادا گەرم بووە، بۆیە ئەرکەکانی خزمەت ڕێگەی نەداوە زانیارییەکی زۆر و وەك ئەوەی مەبەستییەتی کۆیبکاتەوە، بەڵام پاش بە کۆتاهاتنی شەڕ، توانیویەتی ئەم ناوچانە بە هێمنی ببینێ، ئیتر سەرباری هەندێ گرفتیش، سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی مادەیەکی گرانبەها و زانیارییە تایبەتییەکانی خۆیشی خستۆتە سەر، بەم شێوەیە بێ پەنا بردن بۆ هیچ سەرچاوەیەکی ئەدەبی تر، توانیویەتی لە ساڵی ١٨٥٩ ئەم کتێبەی لە قوستەنتینییە (ئەستەمبۆل) بنووسێ، لە ساڵی ١٨٦٣یش لە میلانۆ بڵاویبکاتەوە.[١٥٢]

ئەم کتێبە دابەش دەکرێتە سەر سێ بەش: لە بەشی یەکەمدا نووسەر باس لە ئەرمینیا دەکات، لە بەشی دووەمدا، کە ئەمەش بەشە گەورەکەیە (لا: ١١٨-٢٩٨) باس لە ناوچەی کوردستان دەکات، هەرچی بەشی سێیەمیشە، تایبەتی دەکات بە لازیستان.

نووسەر لەم بەشەی دووەمی کتێبەکەیدا، دێت مێژووی کورد هەر لە کۆنترین ڕۆژگارەوە، تا ئەو ڕۆژەی تیای ژیاوە تۆمار دەکات، باسی شەڕی (محەمەد بەگ)و[١٥٣]، سیاسەتی ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و فارسی و ڕووسی بەرامبەر بە کورد دەکات، هەروەها باس لە دابونەریتی کوردان، زمانی کوردی، باری ئابووری و بازرگانی ناوچەکە دەکات و، لەسەر یەزیدییەتیش دەنوسێ.

بەم شێوەیە (دیابانکی) تابلۆیەکی سادەی سروشتی، دەوڵەمەند و ورد لە بارەی (کوردستان) پێشکەشدەکات، ئارەزووی ئەوەشی نییە لە ڕێی گێڕانەوەی چەند چیرۆکێکی سەیر خوێنەر سەرسام بکا، بەڵکو ڕووداوەکان بەم شێوە دەگێڕێتەوە، کە بینیویەتی[١٥٤]، لەبەر ئەو هۆیەش دەکرێ (دیابانکی) بە (دیلاڤالی) بەراورد بکەین[١٥٥]، کە ئەویش وەسفەکانی سادەن.

(دیابانکی) تێکەڵ بە دانیشتوانی ئەسڵی ناوچەکە دەبێت، ڕوحێکی نەتەوەیی عەلمانی وای دەبێت، وایلێدەکات لە وەستەیەکی ناخۆشدا بلێت یەزیدیم (لا:٢٩٣).. ئەگەر حیکایەتێکیشی ڕێکخستبێ، ئەوە لەبەر ئەوە بووە، کە مەبەستەکەی بپێکێ و وەك پەندێك وەرگیراوە، هەروەك چۆن کاتێك دەیەوێت، داکۆکی لەسەر بنەچەی (هیندو ـ ئەورووپی) بۆ زمانی کوردی بکات، لە ماوەی ڕووداوێکی خۆشەوە دەڵێت: ئەوەی سەرسامی کردم، هەرچەندە شتێکی زانراویشە، ئەو لێکچوونە سەیرەی نێوان دەربڕینەکانی کوردی و وشە ئیتالییەکانە.. ئەوەتا شەوێکیان لە کاتێکدا لە دەرگای ماڵە کوردێکم دەدا بۆ پرسیارکردن لە یەکێکیان، لە ژووردا بانگیان کردمێ: ئەوە کێیە (EF CHEe?)، دەست بەجێ وام بە خەیاڵدا هات، کە ئەوەی لەژوورەوەیە ئیتالییە، دەشێ لە بیرم کردبێ ئەمە ڕێکەوتە، بەڵام بە تورکی وەڵامم دایەوە و بڕوام



بە گوێکانم نەکرد، دووبارە وەڵامم بۆ هاتەوە: نەخێر (no).. ئەو کاتە تەواو هاتمە سەر ئەو ڕایەی، ئەوەی قسەم لەگەڵ دەکات ئیتالییە، دشێت یەکێ لەو ئیتالییانە بێ، کە لێرە خزمەتی حکوومەت دەکات، بۆیە ئەمجارەیان بە ئیتالی قسەمکرد بۆ ئەوەی بگەمە وەڵامێکی تەواو، بەڵام خەیاڵەکەم لەوە زیاتر درێژەی نەبوو، چونکە ئەو قسانەی پێشوو، قسەی تری وای بە دواهات تێیان نەگەیشتم، ئەوەی سەیرتریش بێ ئێمە تا لەگەردانی فرمانیش هەندێ ڕەنگ و شێوەی وەها دەبینینەوە، وێکچووە لەوەی لە ئیتالی دایە، وەك وشەی (BASTIR) ئەوە لە کوردیدا (BESTA)یە، (بە مانای : بەسیە) لە گۆکردنی ئیتالییەکانیشدا، لە ناوەڕاستیدا بە شێوەیەکی لە (G)، (A) نزیکبووەوە گۆ دەکرێت، بە واتا بە دەربڕینی ئەلف (E). (لا: ٢٥١).

ئەم کتێبە بە هۆی ئەو بوارە فراوانەی گرتوویەتییە خۆ و هەروەها بەهۆی زانیاری زۆری نووسەرەوە، زانیاری زۆر بە سوودی تیا هاتووە، بۆ نموونە دەنووسێت: ژمارەی کوردان تەنیا کەمێك لە ٣ ملیۆن کەمترە، هەروەها دەڵێت: کەچی سەرچاوە ڕەسمییەکان (حکوومییەکان) بەلایەنەوە ئەم ژمارەیە زۆرە و ئەوپەڕی کورد لە ملیۆنێك تێی ناپەڕێنن. (لا:٨٠)[١٥٦]، بۆیە نووسەر داوای ئەوە دەکات، ڕاوبۆچوونەکانی حکوومەتی ڕەسمی لەم لایەنەوە وەرنەگیرێ و کاری پێنەکرێ.[١٥٧]

نووسەر لە باسەکەی بەردەوام دەبێ، وەك ئاماژەی بۆ دەکات کوردی ڕاستەقینە دانیشتوانی ناوچەی سلێمانین، چونکە ئەو ناوچەیە هەر لە سەدەی نۆزدەوە سەنتەری نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری کوردی بووە، هەروەها کوردی ڕاستەقینە هەموو ئەوانەن، کە پارێزگاری لەو داب و نەریتە کۆنانەیان دەکەن، کە لە باوانەوە بۆیان ماوتەوە.. کە ئەمانەش لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی دەبینرێن.

سلێمانی شارێکە دەکەوێتە زەوییە ناوەڕاست و زیاتر بەرز و بە پیتەکانی سەرجەم پارچەکانی تری دۆڵی کوردستان.

خەڵکانی لە ئەنجامدانی هەر پیشەیەك دەستەوەسانن و هێزەکانیان لە کارە ڕێگرییەکاندا بەهەدەر دەبەن، پێکهاتەیەکی سروشتی بەهێزیان هەیە، بەڵکو هەر بە

شێوەیەکی گشتی سەرجەم کورد زیرەکی و بیرتیژییەکی وا دەردەخەن، زۆر زیاتره له ئەوەی تورکانی دەسەڵاتداریان). (لا: ١٨٨ـ١٨٩)

نووسەر بە سوود وەرگرتن له سەرچاوەکانی پێشه خۆی باس له دینداری کورد دەکات، هەمان تێبینی و بۆچوونەکانی (دیلاڤالی) لەم ڕووەوە دووباره دەکاتەوە، دەڵێت: (کورد به شێوەیەکی گشتی دوورن له دەمارگیری ئایینی، توندڕەونین له پارێزگاری کردن لەو ئەرکانەی ئایین لەسەری فەرزکردوون). (لا: ١٤٤).

هەروەها نووسەر جوانترین تابلۆمان له بارەی ئافرەتی کوردەوە بۆ نەخشه دەکێشی و دەڵێت: ڕووخساری جوانی بەخەنده و ڕەنگی ئەسمەری و زیندوویتی چاوەکانیان، سیحربازه ترسناکەکانی کێوانمان بیردێنێتەوە، وەك شاعیران خەیاڵی دەکەن ، هەر له تەمەنی پانزه و تا بیست ساڵیشەوە لەو پەڕی سەرنج ر اکێشن.. به هۆی ڕاهاتنیشیان لەسەر ژیانی دەربەدەری هەر له مناڵییانەوە، بەخێرایی چالاکی و وریاییەکی وا دەستدەخەن، کۆنترۆڵ ناکرێن (بۆ یەکێکی تری بێگانه).. سواری ئەسپی کەم وێنه دەبن له خێراییدا، به گرد و کێوه سەختەکان ئازایانه سەردەکەون دادەبەزن، له پێشبڕکێ خێراکاندا کێبڕکێی مێردەکانیان دەکەن، دوایان دەکەون و یارمەتییان دەدەن لەشەڕە ترسانەکەکاندا، بەڵام ناگەنه تەمەنی بیست و و پێنج ساڵییان، ئەم زیرەکی و چالاکییەیان لەدەستدەدەن، لەولاوەش هێزی لاشەییان بەهێزتر دەبێ، بۆ بەرگەگرتنی گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانه، ئیتر ڕووخساریان بەم شێوه سیحراوییه نامێنێت، که پێشتر جوان و سەرنجڕاکێشی دەکردن). (لا: ١٩٠).[١٥٨]

بۆچوونەکانی نووسەر لەوەی تایبەتی به دەستێوەردانی ڕووسی بۆ کاروباری کوردستان[١٥٩]، ورد بۆمان بەرجەسته دەبن، که دەنووسێت: (ئەگەر یەکێ له هۆزه کوردییەکان داوای مانەوە بکات له ڕووسیا و به ئاواتەکەی بگات، لەسەریەتی پابەندی هەموو ئەو ئەرکانه بێت، که خەڵکەکانی تری وڵات پێوەی پابەندن، لەگەڵ هاوبەشی کردن لەو مافانەی، که سیفەته نوێیه دەستکەوتووەکەیان بۆیان مسۆگەر دەکات.



حکوومەتی ڕووسیش لەسەر ئەمه زۆر ڕژده، چونکه بۆ نیشتەجێ کردنی هۆزه کۆچەرییەکان لەنێو سنوورەکانی ئەو زەوییانەیان پێدەدات، که دەیچێنن و به پاره و هۆکاری تریش یارمەتیان دەدات.

ئەو کوردانەش، که له سوپای ڕووسی و لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ تورکیا له خزمەتدان کەم نین و دەبینین، هەندێکیان ئاستی بەرپرسییەتی بەرزیشیان هەیه.

ڕووسیا به گرتنه بەری ئەو سیستەمەی کاریگەرییەکی بەرچاو لەو هۆزانه دەکات، وادەکات له لایان ئەولەویەت بۆخۆی دەستبخات، که ئەمەش (بابول عالی) نازانێت چۆن به دەستیبخات... به هەمان شێوه دەبینین (فارس)یش هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشێکی (کوردستان)دا بسەپێنێت، ئەمەش بەو هۆیەوەی، که هەن دێ هۆزی کۆچەری کورد له خۆ بگرێ، که له کۆندا لەو هۆزانه بوون، که سەر به کوردستانی عوسمانی بوون، بەڵام زۆری باجەکان و خراپی هەڵسوکەوتی پیاوانی حکوومەتیش ئەو دوو هۆیه بوونه گرنگترین هۆیەکانی کۆچ بەرەو وڵاتی فارس.

(فارس) که هەمیشه به خراپی بۆ ئەو بەشه گەورەی کوردستانی دەڕوانی، که سەر به تورکیا بوو، کۆششێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە، بەڵام کەمی هەلەکان تا ئێستا ماوەی ئەوەیان بۆ نەرەخساندووە..) (لا: ١٨٤ـ١٨٥).

